
Kurdistan Chronicle

# گوڵگەند

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (١٨)

یەکشەممە ٢٠٢٥/٦/١٥




ژمارەیەک گەشتیار لە سەیرانگەی پڕژێ

وێنە: گەلان جەبار

# گەشتیاران لە گەراجی ماڵان و هۆتێلە کەلاوەکانیش ماونەتەوە

گڵکەند

ئەم جەژنە هەزاران ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی گەشتیاران و پاسی گەشتیاری ڕێگەوبانەکانی ناو شار و دەرەوەی هەولێریان تەنی، هۆتێلەکان جمەیان دەهات، بەڵام داخرانی بەشێک لە چێشتخانەکان لە ڕۆژانی جەژندا گەشتیارانیان ڕووبەڕووی ناڕەحەتی کردەوە، لەلایەکی دیکەوە زۆری گەشتیار بووە هۆی ئەوەی لە شارۆچکەیەکی وەکو شەقڵاوە گەراجی ماڵانیش بۆ مانەوەیان بەکرێ بچێت. هەروەها لە سۆران هۆتێلی کەلاوە و داخراویش بۆ گەشتیاران کرانەوە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری هەولێر لە ڕۆژانی جەژنی قوربانی ئەمساڵدا ٨٩ و هەزار و ٣٠١ گەشتیار هاتوونەتە شاری هەولێر، بەبەراورد بە ساڵانی ڕابردوو پێشوازیکردنی گەشتیاران و ڕاییکردنی مامەڵەی هاتنیان لە بازگەکانەوە ئاسانتر و خێراتر بەڕێوە چووە.

بەر لە هاتنی جەژنی قوربان کە هەفتەی ڕابردوو بوو، سەرجەم هۆتێل و مۆتێلەکان و چێشتخانەکانی هەولێر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری هەولێر ئاگەدار کرانەوە کە پێویستە لە ڕۆژانی جەژندا کراوە بن و خزمەت بەگەشتیاران بکەن، بەتایبەت چێشتخانەکان.

بەگوتەی دلێر محەمەد بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزاری هەولێر، ٩٠٪ی چێشتخانەکانی هەولێر لە ڕۆژانی جەژندا کراوە بوون، هیچ گەشتیارێکیش لەسەر شەقام و لەنێو پارکەکان نەماونەتەوە بەپاساوی نەبوونی شوێن.

هەروەها پێی وایە جەژنی قوربان دەستپێکی هاتنی گەشتیاران دەبێت، چونکە لەگەڵ نزیکبوونەوە لە وەرزی هاوین گەشتیارانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش بە لێشاو ڕوو لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

ئەمەش لە کاتێکدایە بەر لە هاتنی جەژنی قوربانیش هەزاران گەشتیاری تر لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق، تورکیا و ئێرانەوە سەردانی هەولێریان کردبوو، چونکە ساڵانە لەگەڵ هاتنی وەرزی هاوین و پشووەکان و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، وەرزێکی نوێی گەشتیاری دەست پێ دەکات.

بەپێی ئامارێک کە شوکر عەزیز جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان بۆ (گڵکەند) ئاشکرا دەکات، ٤٣٠ هۆتێل و مۆتێل و گوندی گەشتیاری و ٣٨٥ چێشتخانە، لەگەڵ ١٧٠ کافتریا لە هەولێر هەن، لە وەرزی هاویندا کەپری گەشتیارییش لە ناوچە گەشتیارییەکان زیاد دەبێت.

لەبارەی نەبوونی گرفتی مانەوەی گەشتیارانیش لە هۆتێل و مۆتێلەکاندا دەڵێ گرووپە گەشتیارییەکان زووتر بەهەماهەنگی لەگەڵ میوانخانەکان شوێنیان بۆ ئامادە دەکرێت، ئەوانەی تر کە خێزانەکانن لەم پشووەدا هیچ گرفتێکیان نەبووە و گەشتیار نەبووە لە هەولێر شوێنی مانەوەی دەست نەکەوتبێت.

لەبارەی گرفتەکانی بەردەم کەرتی گەشتیارییشەوە، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان ئەوە ئاشکرا دەکات کە نەبوونی شاری یاری و ڕێگەوبانی باش بۆ ناوچە گەشتیارییەکان و شوێنی شەوانە بۆ کات بەسەربردن، گرفتی هەرە گەورەن لە بەردەم بەرەوپێشچوونی کەرتی گەشتیاری لە سنووری هەولێر.

سەرباری گرتنە بەری ڕێوشوێنەکان، بەشێک لە چێشتخانە ناودارەکانی هەولێر لە ڕۆژانی جەژنی قورباندا بەداخراوی مابوونەوە، بەم هۆیەوە گەشتیاران و دانیشتوانی شاریش بژاردەی کەمتریان لە بەردەم بوو بۆ هەڵبژاردنی شوێنی نانخواردن. ●



وێنە: گەلان جەبار

دیمەنێکی سەیرانگەی پرژێ لە ڕۆژانی جەژنی قورباند

# ماتۆرسیکل شیرازەی هاتوچۆ دەشێوێنێت

گڵکەند

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەولێر لە مانگی ڕابردوودا (ئایار) نزیکەی ٢٠٠ ڕووداوی هاتوچۆ بەهۆی ماتۆڕسیکلەوە تۆمار کراون، وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش ڕێنماییی بۆ تۆمارکردنی ماتۆڕسیکلەکانی دیلیڤەری دەرکردووە.

بەپێی بەدواداچوونێکی (گڵکەند)، بەشێکی بەرچاوی ڕووداوەکانی ئەو دواییەی هاتوچۆی نێو شاری هەولێر بەهۆی ماتۆڕسیکلەکانەوە بووە، هۆکارەکانیش زۆرن.

گەنجۆ شێرزاد بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر دەڵێ لە مانگی ڕابردوودا ١٦٣ ڕووداوی هاتوچۆی ماتۆڕسیکل لە نەخۆشخانەکەی ئەوان تۆمار کراوە، هەروەها لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ٨٣٢ ڕووداوی ماتۆڕسیکل تۆمار کراون، کە بەشی زۆریان ڕووداوی مەترسیدار بوونە، ئەوەش ئاشکرا دەکات کە زۆربەی ڕووداوەکانی ماتۆڕسیکل بەهۆی پابەند نەبوونە بە یاساکانی هاتوچۆوە.

پزیشکێکی نەخۆشییەکانی ئێسک و شکان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕزگاریی شاری هەولێر (ڕۆژهەڵات) ئەوە ئاشکرا دەکات بەشی زۆری قوربانیی ڕووداوەکانی هاتوچۆ شوفێر و سەرنشینی ماتۆڕسیکلەکانن، کە گیانلەدەستدان و کەمئەندامبوونیشیان لێ دەکەوێتەوە.

دوکتۆر ڕێبەر نازم پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئێسک و شکان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕزگاری بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند، ڕووداوەکانی ماتۆڕسیکل بەشی زۆریان مەترسیدارن، چونکە لە ڕووداوێکی بچووک کارەساتی دڵتەزێنی لێ دەکەوێتەوە.

دەشڵێ لە ماوەی مانگێکدا لە نێوان ٣٠ بۆ ٣٥ ڕووداوی هاتوچۆی ماتۆڕسیکل لە نەخۆشخانەکەی ئەوان تۆمار دەکرێت، بە هەردوو جۆری ماتۆڕسیکلی ئاسایی و ئەوانەش کە دلیڤەری دەکەن. ئەو پزیشکە ئەوەش دەخاتە ڕوو کە بەشی زۆری ئەوانەی تووشی ڕووداوی هاتوچۆ دەبن، تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٢٥ساڵی دایە، ئەوانەی مەرجەکانی سەلامەتیشی بەکار دەهێنن مەترسییان لە ٦٠٪ بۆ ٧٠٪ کەمترە، ئەوانەی تر زۆربەیان نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێت و کەمئەندام دەبن، هەندێک جاریش گیان لەدەست دەدەن.

بەهۆی پەیدابوونی خزمەتگوزاریی گەیاندنی (دیلیڤەری) یەوە کە کەلوپەل و خواردنەوە بۆ ماڵان و شوێنەکان دەگوازنەوە، ماتۆڕسیکل یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکان، لە نێویاندا چێشتخانەکان کە بەپێی هاتوچۆی هەولێر، نزیکەی سێ هەزار ماتۆڕسیکل لەنێو شاری هەولێر هەن کە سەر بەکۆمپانیاکانی دیلیڤەرین.

لای خۆیەوە هێمن ئەمین گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر، لە ڕێگەی (گڵکەند)ەوە ئەوەی خستە ڕوو کە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە ٥٧٠٦ لە ١٣ی شوباتی ٢٠٢٥، ئاگەداری سەرجەم کۆمپانیاکانی دیلیڤەریی کردووەتەوە کە پێویستە لە ماوەی شەش مانگدا ماتۆڕسیکلەکانیان ژمارە بکرێن و شوفێرەکانیشیان مۆڵەتی شوفێری دەربهێنن، پێداویستییەکانی سەلامەتییش بەکار بهێنن، وەکو کڵاو و مەچەکپارێز و ئەژنۆپارێز، بۆیە ڕێگەپێدراو نییە ماتۆڕسیکلی بێ سەرەتا لەسەر شەقامەکان هاتوچۆ بکات، بەپێچەوانەشەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت، ئەو ڕێنماییە سەرجەم ئەو ماتۆڕسیکلانەش دەگرێتەوە کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەکار دەهێنرێن.

گوتەبێژەکەی هاتوچۆی هەولێر ئەوەش ئاشکرا دەکات کە دوای دەرچوونی ڕێنماییەکەی وەزارەتی ناوخۆ، کۆمپانیاکان دەستیان کردووە بەتۆمارکردنی ماتۆڕەکانیان، هەروەها هەر ماتۆڕێکیش بەر لە تۆمارکردنی سەرپێچیی هاتوچۆ یان خێراییی زیاد لە پێویست لە کامێرای تیژڕەوی بدات، بەپێی لۆگۆ و ڕەنگی کۆمپانیاکە سزای داراییی دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیای دیلیڤەری.

عەقید هێمن ئەوەش ناشارێتەوە کە ماتۆڕسیکلەکان هۆکاری سەرەکیی ڕووداوەکانی هاتوچۆن، هەندێک جار دەبنە هۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمۆبێل، هەروەها مەترسییەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ زیاترن لە گیان لەدەستدان و کەمئەندامبوون.

دانا لەتیف، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی کۆمەڵناسی، پێی وایە شارەکان بوونەتە فەزایەکی جیاوازتر و قەرەباڵغتر لە جاران و ئێستە شێوەی شار گۆڕاوە، دانیشتوان و پێداویستییەکانیش گۆڕاون. لە ناویشیاندا دیاردەی ماتۆڕسیکلی دیلیڤەری و کەسانی ئاسایی بەڵایان بەسەر ژینگەی شارەکاندا هێناوە، کاریگەرییان لەسەر لایەنی دەروونی و لەسەر لایەنی ژینگەیی جێ هێشتووە، چونکە دروستبوونی ژاوەژاو کاریگەری لەسەر تێکچوونی باڵانسی دەروونی مرۆڤ هەیە، وا دەکات زیاتر تووڕە بن و هەڵبچن، چونکە ژینگەی پڕ دەنگەدەنگ وا دەکات مرۆڤ ئارام نەبێت ●





وێنە: عومەر کەریم

# پرۆژەی ئاوی قوشتەپە کۆتایی بەکێشەیەکی گەورە دەهێنێت

**هەژار مەجید**

قووڵترین بیری ئاو لەسەر ئاستی عێراق لەو سنوورەیە، چیی دی نەدەتواندرا پشت بە ئاوی ژێرزەوییەکەی ببەسترێ، چەندین ساڵە کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوە مەترسیی لەسەر ئاوەدانیی ناوچەکە دروست کردبوو. بەڵام پڕۆژەیەکی ستراتیژی کۆتاییی بەو کێشە مێژووییە هێنا.

ئەو پڕۆژەیە، ئاو بۆ قوشتەپە و بیستانە و ٨٠ گوندی سنوورەکە دابین دەکات، تا ئێستە ٤٠٪ی پڕۆژەکە تەواو بووە.

بەگوتەی قایمقامی قەزای قوشتەپە، پڕۆژەکە بریتییە لە گواستنەوە و دابەشکردنی ئاو لە زێی بچووکەوە بۆ ناوەندی قەزای قوشتەپە و ناحیەی بێستانە و سەرجەم گوندەکانی سنوورەکە، لەلایەن کۆمپانیای (ئاوزان)ەوە جێبەجێ دەکرێ، بەتەواوبوونی؛ کۆتایی بەکێشەی کەمئاویی سنوورەکە دێت.

بژار مەلا خدر قایمقامی قوشتەپە بۆ (گڵکەند) ڕای گەیاند، سەرچاوەی ئاوەکە زێی بچووکی نزیک گوندی قەشقەی سەر بەهەولێرە، کە لە چەند بەشێک پێک دێت، وەک ئاووەرگر و وێستگەکانی پاڵاوتن و دروستکردنی عەمباری ئاو، لە ڕێگەی سێ بۆڕیی گەورە ئاوەکە دەگوازرێتەوە و دەخرێتە سێ عەمباری گەورە، کە عەمبارێکیان لە ناوەندی قەزا و یەکێکی تریش لە ناوەندی ناحیەی بێستانە و ئەوی دیکەش لە نزیک زێیەکە دانراون، هەرسێکیان لە توانایان دایە قەبارەی پێنج هەزار مەتر سێجا ئاو هەڵبگرن.

پڕۆژەکە لە هەر کاتژمێرێکدا توانای بەرهەمهێنانی سێ هەزار مەتر سێجا ئاوی خاوێنی هەیە، نزیکەی ٤٠ کلیۆمەتر درێژیی بۆڕییەکە، ٢٥١ کیلۆمەتریش بۆڕی بۆ دابەشکردنی ئاو بۆ ناو قوشتەپە و ناحیەی بیستانە و گوندەکان لەخۆ دەگرێت، بەهۆیەوە زیاتر لە ٦٥ هەزار کەس سوودمەند دەبن و ١١٠ بیری ئاوی خواردنەوەش دەگیرێنەوە.

بەردی بناغەی پڕۆژەکە لە ١٧ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ لەلایەن مەسروور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە داندرا، تێچووی ٢٣٠ ملیار دینارە، بەپێی گوتەی بژار مەلا خدر، کارکردن لە پڕۆژەکە بیست و چوار کاتژمێرییە، بڕیارە تا کۆتاییی ئەمساڵ تەواو بکرێ، بەمەش سەدا سەدی گرفتی ئاوی خواردنەوەی قەزای قوشتەپە و ناحیەی بیستانە و نزیکەی ٨٠ گوندی سنوورەکە بۆ ٣٠ ساڵی داهاتوو چارەسەر دەبێت.

بەپێی چەند توێژینەوەیەک، قوشتەپە ناوچەیەکی هەستیار و مەترسیدار بوو لەسەر نەخشەی هەرێمی کوردستان و عێراقیش، چونکە ئاوی ژێر زەوی لە ناوچەکە بە ئاستێک دابەزیبوو کە بووبووە هۆی وشکبوونی زۆربەی بیرەکانی سنوورەکە، تەنانەت قووڵترین بیر لەسەر ئاستی عێراق لەو سنوورەیە، کە ٧١٥ مەتر قووڵە و هیچ ئامێرێک نییە بیری لەوە قووڵتر لێ بدات، بەتەواوبوونی ئەو پڕۆژەیە ئەو مەترسییە لەسەر ناوچەکە نامێنێت. ●



بەشێوەی ٢٤ کاتژمێری کار لە پرۆژەکە دەکرێت



عەبدولباسیت فەرهادی

## شوفێرە ژنەکان

لە ساڵی ١٨٨٨ بێرتا بێنزی تەمەن ٣٩ ساڵ بێ ئاگەداری مێردەکەی، لە شاری مانهایم تا بفۆرتهایم ترومبێلەکەی هاژوشت، هەردوو کوڕە گەنجەکەی ریچارد و یۆچینیشی لەگەڵ بوو، بوو بە یەکەم ژن لە مێژوودا کە لە نێوان دوو شاری دووردا شوفێری کردبێت.

لە کوردستان هیچ نووسین و لێکۆڵینەوەیەکم بەرچاو نەکەوتووە سەبارەت بە یەکەم ئافرەتی کوردستان کە شوفێری کردبێ، ئەوەی بەبیرم دێ لە هەولێرێ هەندێ ژن لە حەفتاکان ئۆتۆمبێلیان هاژوایە و خەڵک بە چاوێکی سەیر تەماشایان کردوون، لە شەستەکان د. سامیە شاکر ترومبێلێکی ڤۆڵگای رووسی هەبوو و دەگوترێ یەکەم ئافرەت بووە لە هەولێر شوفێری کردووە.

چەند ژنێکی دیکەش لە پێشەنگەکانی شوفێری ژنانن بۆ نموونە دکتۆرە ئومەیە مەحمود و ست شوکریە و ماسێرە کە راهیبەیێکی مامۆستا بوو و خاوەن ئارایشتگایەکیش لە گەڕەکی ئیسکان کە خێزانی دکتۆر پۆلسی ددانساز بوو، لەگەڵ نازەنین کوێتی و چەندانی دی.

رۆژێک لە چوارڕیانی ئیسکان ئەو ئافرەتە تووشی رووداوی تامپۆنکردن بوو، ترومبێلێک خۆی لە ترومبێلەکەی دابوو، لە ناوەڕاستی چوارڕیانەکە هاتبوونە خوارێ و خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆببوونەوە کە تا ئێستا ئەو کۆبوونەوە ناشارستانی و نایاساییانە لە کاتی رووداوەکانی هاتوچۆ بەردەوامە.

لەوکات نازەنین کوێتی بەوێدا هات یەکسەر لە ترومبێلەکەی دابەزی و بۆ لای شوفێرە ژنەکە چوو و پێی گوت "دیارە خەتای تۆ نییە، بەڵام تکات لێ دەکەم لێرە مەوەستە، زەرەر و زیانی ترومبێلەکەت چەندە من بۆتی قەرەبوو دەکەمەوە، چونکە ئێمەی ژن کە شوفێری دەکەین چەند کەسێکین، با پاساو بۆ پیاوەکان پەیدا نەکەین پتر توانج و پەلارمان لێدەن"، ئیتر بڵاوەی بە خەڵکەکە کرد.

لە یاسای هاتوچۆی ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤ی عێراقی کە لە هەرێمی کوردستانیش کاری پێدەکرێ، هیچ جیاوازییەک لە نێوان نێر و مێ نییە لە مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی شوفێری و ئێستا ژمارەیێکی زۆر لە ئافرەتان شوفێری دەکەن و رێژەیان زۆر کەمترە لەو شوفێرە پیاوانەی بەهۆی سەرکێشی و تیژهاژوان تووشی رووداوی هاتوچۆ دەبن، پێویستە رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ داتا و سەرژمێریی رووداوەکانی هاتوچۆ بڵاو بکەنەوە و بیسەلمێنن شوفێرە ژنەکان پتر پابەند و گوێڕایەڵی یاسا و رێساکانی هاتوچۆن. ●

# حەوێزییەکان و غەفوورییەکان

# نەریتە سەیرەکانی جێژنەی کۆیە

**شلێر سەعید**

دەستوور و نەریتی جەژنگێڕان لە هەر کۆمەڵگە و ناوچەیەکی دیاریکراودا جیاوازی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام لە وراتی کۆییێ ئێستە و جارانیش جیاوازییەکە پترە، هەریەک لە بنەماڵەی حەوێزی و غەفووری لە کۆیە کە دوو بنەماڵەی سەرەکیی پێکهێنەری ئەو شارەن، بەیانیان خواردنی جەژن ئامادە ناکەن، حەوێزییەکان چەندین ساڵە چێشتی جەژنیان هەر لێ نەناوە، غەفوورییەکانیش چەندین ساڵە لە جەژندا برنج لێ نانێن.

هەریەک لەو دوو بنەماڵەیە چیرۆکی جیاوازی خۆیان هەیە، بنەماڵەی حەوێزی نەریتیان وایە لە ڕۆژی جەژندا ئاگر هەڵناکەن، هۆکاری ئامادەنەکردنی چێشتی جەژن بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، کە کاتی خۆی لە جەژندا یەکێک لە ئاغاکانیان مردووە و بەئاوی گەرمی برنجی جەژن شۆردراوە. بەڵام لە لای بنەماڵەی غەفوورییەکان جیاوازە، گوایە ئەو بنەماڵەیە کە زەنگین بوون لە دەڤەری کۆیە، بڕیاریان داوە وەک هەژارەکان لە جێی برنج، لە جەژنەکاندا ساوەر لێ بنێن، ئەوەی جێی سەرنجە دەیان ساڵە نەوەکانی هەردوو بنەماڵە لەسەر ڕێچکەی پێشینانیان بەردەوامن و لێی لانادەن.

سوارە حەسەن جەلال کە لە هۆزی غەفوورییانە و شارەزای مێژووی کۆیەیە، سەربوردەی خۆیان ئەوها بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە "ساڵی ١٦١٥ی زاینی، دوای ئەوەی غەفوورییەکان لەلایەن شا عەباسی یەکەمی سەفەوی لە قەڵای دمدم دەوریان دەگیرێت، سێ کەسیان ڕزگاری دەبێت و دێنە وەرتێ، دوایی دەچنە خەتێ، لەوێشەوە یەک لەو برایانە دێنەوە کۆیە و لە حەمامۆکێ جێنشین دەبێ و وەچەیان زیاد دەکات، لە ١٨٢١یش لە قشڵەی کۆیە ٤٠ کەسیان لێ دەکوژرێ، لە ١٨٦٧ جارێکی دیکە پیاوەکانیان دەگیرێن و قەتڵوعام دەکرێنەوە، پێنج منداڵیان ڕزگار دەبێ، دەبرێنەوە خەتێ، لەوێ گەورە دەبن، غەفوور ئاغا یەکێک لەو منداڵانە دەبێ، کە دەبێتە سوارچاک و لەگەڵ حەمە ئاغا و مەحموود ئاغای بابی دێنەوە کۆیێ و دەست بە کاری دەباغی دەکەن".

هەروەها باسی نەریتی ساوەرلێنانی غەفوورییانیش دەکات و بۆ ساڵی ١٩١٤ی دەگەڕێنێتەوە، کە ئەو کات گرانی بووە و برنج و خۆراکی دیکەش بەگشتی کەم بووە، بۆ خواردن گەنم هەبوو، خەڵک دەیانکرد بە ساوەر، بەگوتەی سوارە حەسەن، حەمە ئاغای کۆیەش خۆی جیا نەدەکردەوە لە خەڵکی فەقیر و نەدار، لەگەڵ ئەوان بڕیار دەدات لە ڕۆژی جەژن ساوەر ئامادە بکرێ، نەوەی دوای ئەویش ئەوەیان کردە نەریت لە جەژن کە ساوەر بخۆن و تا ئێستە نەوەکانیشی پابەندن بەو نەریتە، هەتا ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتیشن لە جەژندا هەر ساوەر لێ دەنێن.

ئەو غەفوورییە بەگرینگی دەزانێ نەریت و کولتووری کوردی بپارێزرێ، پێی وایە جلوبەرگ، خواردن، خانووبەرە و تەلاری کوردی، هەروەها نەریتەکانی میوانداری و ڕێزگرتن و پیاوەتی و خانمایەتیی کورد جێی شانازین و دەبێ هەر کوردێک بەخۆشییەوە دەستی پێوە بگرێت.

لای خۆیەوە ئاکار مەمەند ئاغای حەوێزی سەبارەت بەدابونەریتی جەژنی هۆزەکەیەوە دەڵێ دروستنەکردنی خواردن لای ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە و زۆر بۆچوون لەم بارەوە هەن، یەکێکیان ئەوەیە کە جاران لە ڕۆژی جەژن ئاویان گەرم کردووە بۆ چێشت و برنج، بەڵام یەکێک لە ئاغاکانیان لە جەژنێکدا مردووە، بەو ئاوی چێشتە شووشتویانە، بۆیە لە خۆیان قەدەغە کردووە خواردن حازر بکەن لە ڕۆژی جەژندا، گێڕانەوەی دیکەش هەیە وەک مێژوونووسان و باوباپیرانیان باسی دەکەن، لە سەدەی ١٩ی زاینیدا لە سەردەمی بەکر ئاغای حەوێزی، کە ناسراوە بە (قاسید) و پیاوێکی خواپێداو بووە، بازرگانیی ئەو هەر لەسەر ئاستی کوردستان نەبووە، بەڵکو بۆ بازرگانی چووەتە شام و ئەستەنبۆڵیش، خەڵکێکی زۆر لەلای ئەو کاریان کردووە و ماونەتەوە، لە جەژنێکدا چوونەتە لای حاجی بەکر ئاغای حەوێزی و پێیان گوتووە "ئاغا، ساڵ دوازدە مانگ لای ئێوە نان دەخۆین، دەمانەوێ لەو جەژنە ئەنگۆ ئاگر نەکەنەوە و ئەمە خواردنتان لۆ دەینین و لەسەر سفرەی مە نان بخۆن"، ئاغاش ڕازی بووە و بۆ ڕۆژی دووەمی جەژن، حاجی بەکر ئاغای حەوێزی هەموو ئەو خەڵکە هەژارە بانگ دەکات و لای ئەوان نان دەخۆن، بۆیە تا ئێستە ئەوان لەسەر ئەو نەریتەی باپیرانیان دەڕۆن.

ئەو پیاوە حەوێزییە باس لەوەش دەکات کە لە ڕۆژی جەژندا وەک لە قەدیم وا بووە، بنەماڵەکانی دیکە و دەرودراوسێ دەزانن ئەوان خواردن ئامادە ناکەن، خواردنیان بۆ دەبەن، ئەوانیش ڕۆژی دووەمیش جەژن دەعوەتیان دەکەنەوە.

ئاکار مەمەند ئاغا ئەو دابونەریتانە بەگرینگ دەزانێ و دەڵێ پێویستە دەستیان پێوە بگرن، ئەفسانە و بیرە نەرێنییەکانیشیان لێ دەربێنن، وەک ئەوەی هەندێک دەڵێن ئەگەر چێشت لێ بنێن، کەسێکی ماڵەکە دەمرێت، پێی وایە ئەو بۆچوونە خراپانە دوورن لە ڕاستییەوە، بەڵام دەستپێوەگرتن بەدابونەریت بەهای خۆی هەیە. ●



وێنە: شلێر سەعید

دیمەنێکی شاری کۆیە

## شەوقی زەردەبەر



عەبدولڕەحمان فەرهادی

# هەر کەس بە کەیفی خۆی دەنووسێت

زۆر جار گوتوومانە زمانی کوردی دەوڵەمەندە، وەلێ بەداخەوە تەواو کار بۆ بەهێزکردنی نەکراوە! بۆیە پێویستە ئامانجی سەرەکیمان لە نووسینەکانمان بە ئاراستەی بەهێزکردنی بێت، ئەمەش پێویستی بە پلان و پرۆگرامی گونجاو هەیە.

هەندێک لە نووسەرانی ئێمە لە شار و شارۆکە و دەڤەرەکانی کوردستان، هەریەکە بەردەوام بە شێوەزار و بنزاری خۆیان دەنووسن، بەلای منەوە ئەمە بەرەو لاوازترکردنی شێوە نووسینە باوەکەی ئێستامان دەبات.

ڕەنگە وەرامی هەندێک کەس ئەوە بێت کە ئەمە لە ئەدەبیاتی زۆر لە گەلان هەیە، ڕاستە لەناو عەرەب داهێنەری وەک شاعیرە میللییەکانیان، لەوانە: مزەفەر نەواب، ئەحمەد فوئاد نەجم، ، بەیرەم ئەلتوونسی و مۆفەق محەمەد، هەروەها جارجارە مەحموود دەروێش و بەدر شاکر سەییاب لەم شێوە دەقانەیان نووسیوە، لە جیهانییەکانیش جارجارە مارک توین بە شێوەی ئەمەریکەی باشوور و جەیمس جۆیس بە شێوەی دبلن نووسیویانە.

نامەوێ بەراوردی نێوان ئەو بنووسانەی خۆمان بکەم کە بەردەوام بە کەیفی خۆیان دەنووسن، لەگەڵ ئەو داهێنەرانەی گەلان کە ناومان هێنان، ئەمانەی ئەوان زیاتر لە خزمەتی زمانە ستانداردەکەی خۆیاندا بووە، چونکە خەم و کێشەی گەورەیان نەماوە، وەلێ پێم وایە ئەو کارەی کەمینەیەک لە نووسەرانی ئێمە، هۆکارێک دەبێت بۆ دوورکەوتنەوە و مانەوەی شێوە باوەکەی نووسین و ڕێنووسی کوردی!

تا شێوەیەکی نووسینی ستانداردمان نەبێ، زمانی کوردی بەردەوام لە مەترسیی زیاتر لاوازتربووندا دەبێت، نابێ هەرکەسە بەردەوام بە شێوەزار و بنزاری شار و شارۆچکە و کوچە و کۆڵانی خۆی بنووسێ، بەڵام دەتوانین جارجارە لە دەقەکانماندا بە تێرم و زاراوەی ئەملا و ئەولایش نووسینەکانمان چێژمەند و تامدار بکەین، وەلێ نابێ بە بەردەوام لۆکاڵی بنووسین.

هەستم کردووە ماوەیەکە ئەم دیاردەیە لە زانکۆ و بنکە ئەکادیمییەکانیش ڕێگەی دراوە هەرکەسە نامە و لێکۆڵینەوە بە شێوەی خۆی بنووسێت!

ئێستا، تا ڕاددەیەک شێوە نووسینێک هەیە کە زۆربەی کورد پێی دەنووسن، هەقە زیاتر بایەخ بەو ڕێچکە نووسینە باوە بدرێت کە زۆربە پێی ئاشنان. دەیان ساڵە بانگی ئەوە دەدەین کەچی هاوارمان بەهیچ ناگات.

ڕۆژنامەنووس و شاعیری گەورەمان، پیرەمێردی نەمر سەد و دوازدە ساڵ لەوەبەر، لە بیرەوەرییەکانی خۆی باس لەوە دەکات کە ئەوکات بانگەوازی یەکنووسی و ستانداردیی داوە و لە ١٩١٣دا لە جولەمێرگەوە بە نووسینێکی داوای لە جەمعییەتی کورد لە ئەستەنبوڵ کردووە کە لە هەر شارێکی کوردستانەوە زمانزانێک بانگ بکەنە پایتەخت تا زمانێکی عموومی بۆ کورد هەڵبژێرن و بیکەنە فەرهەنگ و دەستوور.

لەوێدا پیرەمێرد دەڵێ: کەس گوێی نەدامێ و ئێستا وایان شێواندووە هەرکەس بە کەیفی خۆی دەنووسێ.

زۆر سەیرە! بانگەوازەکەی پیرەمێرد هەر دەڵێی بۆ ئەمڕۆی ئێمە نووسراوە، ئەی ئێستاش ئەوە نییە شێواندوویانە و هەر کەس بەکەیفی خۆی دەنووسێ! ●

# سەربوردەی گەڕەکی شەهیدانی خەنجەر



وێنە: عومەر کەریم

خانوویەکی کۆنی گەڕەکی شەهیدانی خەنجەر

**دوین ئاریان**

سالّی ١٩٧١ ئاهەنگێکی بچووک لە پشت قوتابخانەی ئامادەییی کوردستان ساز کرا، گۆرانی دەگوتران و شیعر دەخوێندرانەوە، لەو ئاهەنگەدا کلیلی ١٦٣ خانوو بەسەر بنەماڵەی شەهیداندا دابەش کرا و گەڕەکەکە ناو نرا شەهیدانی خەنجەر.

ئەو گەڕەکە دەکەوێتە پشت گەس سێتاقان، لە شەقامی ٣٠ مەترییەوە دەست پێ دەکا، تا شەقامی ٦٠ مەتری درێژ دەبێتەوە.

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٧٠ دانوستاندن لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکوومەتی ئەوسای عێراق دەستی پێ کرد، یەکێک لە مەرجەکانی پارتی دروستکردنی ژمارەیەک خانوو بوو لە شاری هەولێر بۆ کەسوکاری شەهیدان.

خانەوادەی دلێر محەمەد یەکێک بوون لەوانەی لە خانووەکانی گەڕەکی شەهیدانی خەنجەر سوودمەند بوون، چونکە بنەماڵەی شەهید بوون، ئەو پیاوە بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە کە دروستکردنی خانووەکان لەسەر داواکاریی مەلا مستەفا بارزانی بووە، هەر ئەویش گەڕەکەکەی ناو ناوە شەهیدانی خەنجەر، خانووەکان بەسەرپەرشتیی شەهید فارس باوە و حەسەن عەلی دروست کران، دەشڵێ "لە بیرمە بەشێک لەو کرێکارانەی خانووەکانیان دروست دەکرد، پێشمەرگە بوون".

ئەو کاتە ئیدارەی پارێزگەی هەولێر ئاگەدار کراوەتەوە کە دەبێ خانووەکان لۆگەیەکی خەنجەریان لەسەر بێت، کە ئاماژەیەکن بۆ هێمای سەرکەوتن، عەبدوڵڵا خەفاف لە پارێزگەی هەولێر ڕاسپێردرا بچێتە مووسڵ، لەوێ لەلای ئاسنگەرێک قاڵبێکی ئاسن دابڕێژن کە هێمای خەنجەرێکی لەسەر بێت، دلێر دەڵێ کاتێک حکوومەت قاڵبەکەی بینی کە تەنها خەنجەرێکی لەسەرە، ڕازی نەبوو، بڕیاری دا دوو شمشێریشی لە تەنیشتەوە بێت، ئەوە بوو شمشێرەکان بە بۆیە زیاد کران، بەڵام لەبەرئەوەی خەنجەرەکە بەشێوەیەکی هەڵکەندراو هاتبووە دەرێ و زۆریش بەرچاو بوو، شمشێرەکان نەک هەر زەق نەبوو، بەڵکو زوو لەبەر چاوان ون بوو.

ماڵی ڕزگار شانە، فارس باوە و برایەکانی، عەباسی حاجی لەشکری و واحید قازیفە لەو ناوە دیارانە بوون کە لە شەهیدانی خەنجەر خانوویان وەرگرت.

بەشێک لەو خانووانەی شەهیدانی خەنجەر تێکدراون و نۆژەن کراونەتەوە، بۆ ڕێزگرتن لە لۆگۆی خەنجەرەکەش، هەندێک لە خاوەن ماڵەکان لە کاتی ڕووخاندنی خانووەکانیان، ئەو پارچە دیوارەی لۆگۆی خەنجەرەکەی لەسەرە دەپارێزن، لە کاتی دروستکردنەوەی خانووەکان دووبارە دای دەنێنەوە، تا ئێستە بەشێکی بەرچاوی خانووەکان لۆگۆی خەنجەریان لەسەر ماوە.

سالّی ١٩٧٤ کاتێک دانوستاندنی نێوان پارتی و حکوومەت تێک چوو، بەشێک لە دانیشتوانی ئەو گەڕەکە کۆچیان کردە گەڕەکی دیکە، نەوەک حکوومەت تۆڵەیان لێ بکاتەوە، بە قسەی دلێر محەمەد، نیوەی زیاتری خانووەکان چۆڵ کران، چونکە هەموو هەولێر دەیزانی دانیشتوانی ئەو گەڕەکانە کەسوکاری شەهیدانن، بەڵام دواتر گەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان.



وێنەی نموونەیەکی خەنجەرەکە

پۆشینی جلوبەرگی سوور یەکێکە لە یادگارییەکانی خەڵکی گەڕەکی شەهیدانی خەنجەر، وەکو سیمبولێک بۆ بنەماڵەی شەهیدان، منداڵانی شەهید لەو گەڕەکەدا لە بۆنە ڕەسمییەکاندا، لە ڕێپێوان یان لە جەژنەکاندا جلوبەرگی سوور و بۆینباغێکی زەردیان دەپۆشی، بۆ ئەوەی لە منداڵانی دیکە جیا بکرێنەوە.

نزیکەی ٥٥ ساڵ تێ دەپەڕێ بەسەر دروستکردنی ئەو خانووانەدا، تا ئێستە خەڵکانێک هەن وەکو مۆزەخانەیەکی زیندووی نەتەوەیی پیاسەی پێدا دەکەن، لە بەردەم خانووەکاندا دەوەستن و ڕووخسەتی خاوەن ماڵ وەردەگرن تا لە نزیکەوە سەیری لۆگۆی خەنجەرەکان بکەن. ●

---

بتشکێن



گۆران سەباح

## فەعۆیەکانی میدیای کوردی

ئەوێ ڕۆژێ، تیمێکی ئۆپێرای چیکی لە هەولێر چەند تراکێکی ناوازەی ئۆپێرا و میوزیکی کلاسیکییان پێشکێش کرد. بژاردەیەکی بەئاگا ئامادە بوون، چێژمان لەو هونەرە باڵایە وەرگرت، بەس میدیای کوردی تێکی دا.

کەناڵە سەرەکییەکان هاتبوون، بریا نەهاتبان، ئابڕووی میدیا و کاری گواستنەوەیان برد.

لە هەر کەناڵێک چەند فەعۆیەکیان ناردبوو، بێ ئەتەکێت، ڕەوتار عەنتەریانە و ناپیشەیی، سەر سەکۆیان پڕ کرد لە کامێرا. پێمان گوتن نابێ، کردیانە گارەگار و گوتیان دەڕۆن و نایگوازنەوە، بریا ڕۆیشتبان.


کاتێ خاوەن دەنگی سۆپرانۆ لەسەر سەکۆ هاتە ناو جەماوەر، وێنەگرە نەدیتکەکان کەوتنە دوای، کەشەکەیان لە هونەرمەندەکە و گوێگران تێک دا.

خۆم شەش جار بە یەکێک لە وێنەگرەکانم گوت، تکایە واز بێنە، هێندە لە نزیکەوە وێنە مەگرە، زەق زەق تەماشای کردم و وازی نەهێنا. فەعۆ ئەوها نەبی، کوە؟

لەم جۆرە بۆنانە، میدیای پرۆفێشناڵ شوێنی دیاریکراوی خۆی دەزانێت و نابزوێنێت. میدیای کوردی نەک ئەو سنوورە دەبەزێنێ، وەک فەعۆ تەماشای ناو چاوت دەکا و تەقەی سەری دێت. بۆیە زۆر جار بێزم لە میدیای خۆمان دەبێتەوە

گەلێ لە ئامادەبووان گلەییان هەبوو لە فەعۆیەکانی میدیا، ئاخر پێش چاویان دەگرتن، هاتوچۆیان زۆر بوو، هونەرمەندەکانیان بێزار دەکرد. جرتوفرتی وێنەگران لە بەردەم سەکۆ زۆر کرێت بوو. پەیامنێرەکان چەند کەسێکی بیانی و خۆمانیان دواند. پرسیاری کرچوکاڵ و بێ مانا. لە پرسیارەکانرا زانیم هیچ پاشخانێکی مەعریفی و ڕۆشنبیری و هونەرییان نییە. بەئینگلیزییەکی شڕوشەپڕێو، سەریان لە خۆیان و بیانییەکانیش شێواندبوو. تیمی ئۆپێراکە ناوی "ڕەن ئۆپێرەن بوو"، کەچی هەر یەکە بە کەیفی خۆی ناوێکی لێ نابوون. ڕێکخستنی دووسێ بۆنەی وا لە کوردستان سەرت سپی دەکات، چونکە کەس ئیشی خۆی بەڕێکوپێکی ناکات.

کۆمپانیای ڕووناکی و دەنگ دەردێکی داینێ نەبێتەوە. هەتا خەڵکمان کۆ کردەوە، چاومان سپی بوو. دەیان ڕۆشنبیرم داوەت کرد، نیوەیان هاتن، ئەوی دی دڵێکی بۆ ناردم و تەقەی سەری دەهات. فەرهەنگ غەفوور و تیمەکەی و ستافی وەزارەتی ڕۆشنبیری نەبان، دەبووینە فیلم و شەرمەزار دەبووین. ●



پۆرتریتی سەردەمی گەنجیی قەرەنی جەمیل

# قەرەنی جەمیل

## ئەوروپای کردە قوربانی هەولێر

نازم دڵبەند

لەو ڕۆژەوەی گەڕایەوە کوردستان، بڕیارنامەی غوربەتیی چەند ساڵەی دڕاند، چیی تر پەڕەی پەساپۆرتەکەی نەکردەوە.

بەری ٢١ ساڵ، ڕۆژەک لە شوقەیەکی تەنگەبەری نێزیک چایخانەی عەنتەر بە دەفتەرێکی گچکە و ڕێکۆردەرێکەوە چوومە سەردانی، تەواوی دیمەنەکە بریتی بوو لە ستاندێک و تابلۆیەکی ئامادەکراو و فڵچە و کۆمەڵێ بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ، بە هەستە جوانەکەی جارانی لەسەر کورسییە گچکەکەی بەردەم ستاندەکە دایینیشاندم و گۆتی هەتا دەچمە ئەودیوی و دێمەوە، ئەتو تەماشای ئەو تابلۆیانە بکە، ئیشی تازەمن.

بەیەقینەوە تەماشای کارەکانی دەکەی و دڵنیای پێشتر لە تابلۆی دیکەدا هونەری لەو ئاست و جۆرەت نەدیتییە، ڕێچکەی خۆی و داهێنانی تایبەت بەخۆی هەبوو، خۆڵەمێشی ئەو ڕەنگاوڕەنگ بوو، بە دوو فنجان قاوە و زەردەخەنەوە گەڕایەوە، "چا نەبوو ئەوروپا فێری قاوە دروستکردنی کردم". هەر زوو گۆتی لێم بپرسە کەی دەگەڕێیەوە ئەوروپا! ئەمنیش لێم پرسی، ئەویش گۆتی "تا ژیانم ماوە لاپەڕەی پەساپۆرتەکەم ناکەمەوە".

مرۆڤێکی ڕاستگۆ بوو، قەولەکەی بردە سەر، نەگەڕاوە ئەوروپا، شەقامەکانی تەیراوەی پڕ لە یادگاریی منداڵیی خۆی لەکن خۆشەویستتر بوو لە غەرناتە و ڕۆما و پاریس. قەرەنی ئەوەندە بەحەزەوە گەڕایەوە ناو سەربردەی ژیانی هەولێرییانەی خۆی و گەڕان بەدوای داهێنان لەناو تابلۆ تازەکانیدا، لە هەموو پێشانگەکانیدا نوێتر و جیاواز لە دوێنێی خۆی، دەست و فڵچە و ڕەنگەکان و بابەتەکانی نمایش دەکردنەوە.

ئەورۆ* کە قەرەنی بەبێ دەنگی دەبینین، تابلۆ تەواونەکراوەکانی غەمبارن، بەدیارییەوە مات و بێدەنگ وەستاون، چاوەڕێی بزەیەک، ئاوڕدانەوەیەکی دەست و پەنجەی فڵچە و ڕەنگەکانی لێ دەکەن، ئەو ئێستە بەئاستەم چاوەکانی لە ئاستیان دەکاتەوە و پێیان دەڵێ پەیمان بێ، ئەگەر لەو سەفەرە سەختە گەڕامەوە، لە جاران توندتر لە باوەشتان دەگرمەوە، جوانتر لە جاران لەگەڵ ڕەنگەکان سەمای زۆربا دەکەینەوە.

ئەوێ ڕۆژێ لە شوقەکەی لای چایخانەی عەنتەر جێم هێشت، دڵخۆش بووم، چونکە دەمزانی ئەم دیدارەم دیداری دڵخۆشبوونی قەرەنی بوو، هەر واش بوو، کە گۆڤارەکەم بۆ برد و دیدارەکەی خۆی دیتەوە، چاوی گەش بووەوە و گۆتی سەربردەی هەولێرییان ئەوها دەگێڕدرێتەوە.

* تێبینی ئەو بابەتە چەند ڕۆژێک بەر لە کۆچی دوایی هونەرمەند قەرەنی جەمیل نووسراوە.

قەرەنی جەمیل ساڵی ١٩٥٤ لە هەولێر لەدایک بووە، ساڵی ١٩٧٣ لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە بەغدا دەستی بەخوێندنی شێوەکاری کردووە، ساڵی ١٩٧٩ بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە هونەر چووەتە ئیتاڵیا و لە پایتەختی هونەری جیهان لە فلۆرانس نیشتەجێ بووە، ساڵی ١٩٨٤ ئیتاڵیای بەرەو ئیسپانیا جێهێشتووە و ئەمجارە لە بەرشلۆنە نیشتەجێ بوو. ساڵی ٢٠٠٣ بەیەکجاری هاتەوە هەولێر و بڕیاری دا نەگەڕێتەوە تاراوگە. لێرە بوو بە مامۆستای هونەر و لە دەزگای ڕۆشنبیریی (مێرگ)ی ئەوساش دەستبەکار بوو، پێشانگەیەکی هەمیشەیی بۆ کارەکانی لە هۆڵێکی دەزگاکە بۆ تەرخان کرا، گۆڤارێکی هونەریشی بەناوی (شێوەکاری) لەوێ دەرکرد. بەم دواییانەش بەر لە نەخۆشکەوتنی، لە ماڵێکی کۆن لە کۆڵانی عارەبان لە ناو جەرگەی هەولێر، گەلەرییەکی تایبەت بەناوی قەرەنی جەمیل کرایەوە. تابلۆکانی قەرەنی جەمیل ناوبانگی جیهانییان هەیە و لە دەیان مۆزەخانە و گەلەری کوردستان و عێراق و ئەورووپا هەڵواسراون.

کوردستان



کوردستان موکریانی

## مانای ژیانی کوبرای عەزیمی

نووسینی ژیان و بیرهاتی لای ئافرەتی کورد مێژوویەکی تازەی هەیە. لەڕووی ئەوەی زۆربەی ئافرەت نووسەر نین، ڕووداوەکانیان گێڕاونەتەوە و نووسەرێک بۆیانی داڕشتۆتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتیش ئەم نووسەرە پیاوە. ئەویش بەئارەزووی خۆی دەستیان تێوەردەدات، جا ئە لێرەدا ڕەنگ و دەنگی ڕاستینەی خاوەن ژیاننامەکە هەست پێناکرێت و لەنێودەبردرێت.

لەپاڵ ئەوەشدا ئێمە لەنێو کولتوورێک پەروەردەکراوین، دنیایەکە پڕ لە ترس، کە سنوورەکەی بەشەرم تەنراوە، بۆیە ڕادەی دەربڕین و درکاندن لەو پلەیەدا نابێت، کە چاوەڕواندەکرێت، کەچی لەگەڵ ئەم هەموو بەربەستانەشدا دەنگانێک هەن، بوێرانە هاتوونەتە مەیدان، کە پێشەنگەکەیان ڕێزدار کوبرای عەزیمییە.

پێویستە دەستخۆشی لە بەڕێز سیمینی ئیفتخاری کچی کوبرای عەزیمی بکرێت، کە دڵسۆزانە، بەرپرسانە و سەرڕاستانە بەرهەمی بیری دایکی لەژێرنێوی (مانای ژیانم)دای بە چاپ گەیاند، بەمە دەوڵەمەندترین ئۆتۆبیۆگرافی ژنێکی هۆشیار، ئاوەز و کوردستانخواز پێشکێش بە نامەخانەی کوردی کردووە.

کوبرای عەزیمی مانای ژیانی خۆی لەنێو جڤاکێکی نێرسالاردا لە چەند بوارێکی گرنگدا بۆ خوێنەر خستۆتەڕوو، دیارترینیان: ١) نووسین: بەلای من کوبرای عەزیمی بە یەکەمین ژنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێردرێت، کە بەرهەمی بیری بە زمانی کوردی نووسیبێت و پەخشکردبێت. ٢) یەکسانخوازی: هەڵگری دروشمی یەکسانخوازی بووە و ڕۆژانەش لە کاروکردەوەیدا پێڕەویکردووە، وتارە بڵاوکراوەکانی نێو کۆڤاری کوردستانی سەردەمی کۆمار، گۆڤان (شایەت)ی ئەم هەڵوێستەینە. ٣) چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی، بەئەندامبوون و کارابوونی لە یەکێتی یایانی کوردستانی سەردەمی کۆمار و پەردەلادانی لەسەر چۆنیەتی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی، کە یەکەمجارە لەلایەن ئەندامێکەوە باسبکرێت. ٤) مامۆستایەتی: لەڕووی لێزانی و وریایی و هۆشیاری لەتەمەنی شازدە ساڵییەوە کراوە بە مامۆستای قوتابخانەیەکی سەرەتایی شاری مەهاباد. ٥) دایکێکی جەرگسووتاو، بەڵام نەبەز و خۆڕاگر بۆ ئەوەی بەرەنگاربوونەوەی ناخۆشی و کارەساتی ڕۆژانی داهاتوو بکات.

کوبرای عەزیمی بە زمانێکی دەوڵەمەند، شیرین و پاراو، بەڕستەی کورتی پڕ واتا، بەدەربڕینێکی بوێرانە، ڕۆژانی ژیانی و ڕووداوانی سەردەمی خۆی بەڕادەیەک خستۆتە ڕوو دەڵێیت لەنەخش و نیگاری مافوورێکی کاشانی گرانبەها ڕادەمێنیت، کە هەموو وردەکارییەکانی دیرۆکی ساڵانی ژیانی تێدا بەوشەی هەڵبژاردە بەرجەستەکردوون.

کاتێک لە خوێندنەوەی ژیانی پڕ لە نەهامەتی، نەسرەوتی، لە ژان و ناسۆر و لەبەرامبەریدا خۆڕاگری و نەبەزینی ئەم نووسەرە مەزنە بوومەوە، هەستم کرد چیرۆکی ژنێکی ڕچەشکێن، سەرکەوتوو و دژەباو و خۆبەدەستەوەنەدانی بۆ چارەنووسی نادیاری کەسایەتێکی نێوداری دنیا دەخوێنمەوە.

کوبرای عەزیمی شایەنی ئەوەیە دەزگەیەکی ڕۆشنبیری، قوتابخانەیەک و... بەنێو بکرێت. پەرتووکەکەی وەربگێردرێتە سەر چەند زمانێکی بیانی. بکرێت بە زنجیرەی تەلەڤزیۆنی، فیلمی دۆکومێنتاری، وانەیەک لە قوتابخانەکان بخوێندرێت، پوختەیەکی بۆ منداڵانی تەمەنی نۆ ساڵ و بەرەو ژوور دابڕێژرێت و...

پێشنیازم بۆ چاپی دووەمی ئەم شاکارە، پاشکۆیەکی بخرێتە پاڵ، تا ئەم بابەتانە بگرێتەخۆی: چەند لاپەڕەیەک لە دەستنووسی ژیاننامەکەی. وتارە بڵاوکراوەکانی نێو کۆڤاری کوردستانی سەردەمی کۆمار. بیروڕا و هەڵسەنگاندنی ئەو کەسایەتییانەی تێڕوانینی خۆیان لەبارەی ئۆتۆبیۆگرافی کوبرای عەزیمی خستۆتەڕوو.

## ئەوپەڕی

# ئەو گۆرانییەی بۆ ژنە قەڵاتییەک گوترا


هونەرمەند حەمە جەزا


هونەرمەند تەڵعەت عارف


شاعیر ئەکرەم خامۆش

سەباح پیربالٚ قەساب

سەربوردەی ناوەڕۆکی ئەم دەقەی خوارەوە لە ڕووی ڕووخسار و پێکهاتەی دارِشتن و هونەری داهێنان، لە ئاوێتەکردن و تەونچنیی وشە و گوزارشت پێدانی بیرۆکەکە، شاعیر بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێ کە ئاوێنەی دارِشتنەکە لە سۆنگەی کارەساتێکی جەرگبڕەوە سەرچاوەیان گرتووە، کەواتە گوزارشت پێدانەوەی کارەساتەکە لای ئەکرەم خامۆشی شاعیر تووشی یەخەگیریی ئەدای فەرزێکی ئەوتۆی کردووە، کە مەرامی ئەرکی فەرزێکی پێویستتر لە پێویست ئەدا بکا، تاکو ئەو شێوازە هونەرییە سیحر و ئەفسووناوی ئامێزە بگاتە ئەو ئەنجامەی، ڕووداوەکە ڕەنگ و سەنگ و ڕووخساری چەشمەنداز و تیفتیفە ئامێز بخاتە بەر دیدی خوێنەر و ناخی تژی بکات لە موچڕک و تاسە و تەزووی ناوەڕۆکی دەقەکە، ئەمە بۆ ڕاچڵەکاندن و ئاراستەی دۆشدامان و خەملاندنی هەست و بۆی بارانە فرمێسک و هەنسک و تاسە و ئاخ و ئۆفی بێ بڕانەوەی خوێنەر و کەسی ئازیز مردە.

لە ڕۆژگارێکی ڕەشی بەهاری ساڵی ١٩٧٤دا، لەو کاتەی کە پەیوەندیی سیاسیی نێوان حکوومەتی عێراق و دەسەڵاتی کوردی ئاڵۆزیی تێ کەوتبوو، لە ڕووداوێکی دڵتەزێندا وەک دەڵێن (ئۆتۆمۆبێلێکی ئیڤای سەربازی لە بەردەم دوکانێکی لەحیمچیدا گڕ دەگرێت و لە ئەنجامدا تانکی بەنزینی ئۆتۆمۆبێلەکە دەتەقێتەوە) هەندێکیش دەڵێن (بەرمیلی نەوتی ماڵانیان هێنابوو بۆ لەحیمکردن)، لەو دەمیدا سەربازەکان بە شڵەژاوی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەولا و بەولادا دەیکەن بە گوللەباران، ژنێک لە قەڵاتەوە شۆڕ دەبێتەوە بەدیوی بەرامبەر حەمامی عەلیاغادا بۆ لای بازاری سورچییان بەوەش گوللەییێکی وێڵی نافرەجا وەبەر ئەم ژنە دەکەوێ کە منداڵێکی کوڕیشی لە ئامێزدا بووە (هیوا)، گوللەیەکیش بەسەری کوڕەکە دەکەوێ، بریندار دەبێ و پاشان چاک دەبیتەوە، بەڵام بەداخەوە برینی ژنەکە قورس دەبێت و دەبێتە هۆی لەدەستدانی گیانی ئەو خانمە، کە هاوژینی مامۆستای میوزیکوان و ئاوازدانەری کورد (تەڵعەت عارف)ی ئەندامی تیپی مۆسیقای هەولێر بوو.

جا لە دوای ماوەی بەسەرچوونی پرسەی ئەم خانمەدا، لە دەرەنجامی بەری ڕێکەوتی دیدار و بەیەکگەیشتن و دیدارێکی نێوان شاعیری کورد ئەکرەم خامۆش و هونەروەری میوزیکوان تەڵعەت عارف، بەری ئەو دەقە چەمەرئامێزە (کۆچ و یاد)ی لێ وەبەر دێ و ئەکرەم خامۆشی شاعیریش وەک لە هۆنینەوەی چەمەری ئازیزاندا شێوازی هۆنینەوەی لەو دەقە شیوەنئامێزەی ڕەنگی داوەتەوە لە فۆڕمێکی گوزارشتئامێزی باڵادا بەرجەستە و کەسی ئازیز مردەش و ناخی بەو جۆرە هەژاندووە، دەبینین لە بیستنی توانا و کارامەیی و سۆزی چڕینی بەسۆز و جەرگبڕی نەغمەی ئاوازی لە گەرووی کارەساتەکە خستووەتە فۆڕمێکی سیحر و چەمەرئامێزدا.

میوزیکژەنیش بەگوێرەی یان بەسەنگ و قورساییی ژان و کاردانەوەی کارەساتەکە بە شێوازێکی ئێجگار هونەری و داهێنانێکی باڵا ئاوازێکی خەماویی ئەوتۆی تێدا ئاوێتە کردووە، بەولاتریش خۆشخوانی ناوداری کورد بەهەشتی محەمەد جەزا، ئەویش دەستە چیلەیەکی تری ئاگراویی مووچڕکاویی ئەفسووناویی لەگەڵ ئەدا و ئینجا سەدا و زایەڵەی بێ ئامان و داد و بێدادی تێدا ئاوێتە کردووە، لە ئاکامیدا دوای تۆمارکردن و پەخش و بڵاوبوونەوەی ئەو چەمەرە لە تەلەڤزیۆنی بابە گوڕگوڕی کەرکووکدا، جەماوەری کورد لە هەر کونج و دەڤەرێکی ئەم نیشتمانەدا، کە گوێبیستی ئەو هەژەندە تاسەبارە بەسۆز و سفت و سۆیە بوون و پاتەوپات بۆ بیستنەوەی هەمیشەییی بەردەوام بێزوویان پێوە کردووە، وەک بڵێی ئەو کارەساتەیان بە هی خۆیان یا موڵکی خۆیان زانیبێ بێدەم و ژەم متووی بەشداریی خەمی ئەو تاسەبارە ئازیز مردەیە بوون.

وا ئەڕۆیی و جێم دەهێڵی بۆ سبەی
ئەم دڵە دیلەش لەگەڵ خۆتا دەبەی
جێ دەمێنی بۆ منیش دەردەسەری
چۆن ئیتر نەگریم لە بەر ڕێی هاوسەری

ئەکرەم خامۆش



## جەنجەڕ بەدینار و روبعێك بوو

# یەکەم ئامێری دارتاشی لە هەولێر

«حاجی سەعید و حاجی عومەر دوو برا بوون، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لەو شوێنەی ئێستەی نەجاران لە بازاڕی قەیسەریی هەولێرێ دەستیان بە پیشەی دارتاشی کرد، تا ئێستە نەوە لە دوای نەوە بەردەوامی بەپیشەکە دەدەن و لێی دانەبڕاون.»


وێنە: عومەر کەریم

دوکانێکی دارتاشی ناو بازاڕی قەیسەری هەولێر

**گڵکەند**

هەر ڕێگەت بەناو قەیسەری دەکەوێ، دەبێ بە کۆڵانی نەجاڕاندا گوزەر بکەی، جاران حاجی یاسین، حاجی عوسمان و حاجی مستۆت بەو هەڵکشانی تەمەنەوە لە دوکانەکاندا دەدیت، خەریکی دروستکردنی کەلوپەل و پێداویستیی جووتیاران و ماڵان بوون، ئێستەش کوڕ و نەوەکانیان شوێنی پیشەگەریی ئەوانیان چۆڵ نەکردووە و کارەکانیان لەبەر دەرگەی دوکانەکانیان دەبینی.

ئەگەر سەر بەقووڵاییی دوکانەکانی ڕەمزی حاجی مەحموود و زەکەریا حاجی محەمەددا بکێشی، خۆڕاگریی خانەوادەی ئەم نەجارە پێشەنگانەت بۆ دەردەکەوێ، کە زێتر لە ١٨٥ ساڵە، ڕێچکەی باپیرانیان حاجی سەعید و حاجی عومەریان پاراستووە، لە دوای ئەوانیش دەستڕەنگینیی حاجی عوسمان و حاجی یاسین، لەم ڕووەوە ڕەمزی محەمەد نەجاڕ، کە ئێستە تەمەنی (٧٧) ساڵە و سەرەتا لەگەڵ بابی بووە و دوای ماڵئاواییی بابیشی (٤٨) ساڵە ئەو پیشەیە دەکات، دەیگێڕێتەوە کە هەر لە (١٨٤٠)ەوە خانەوادەی ئەوان، لە حاجی عومەرەوە تا دەگاتە حاجی عوسمانی باپیری و براکەی حاجی مستۆ، نزیکەی (١٢٠) ساڵ پێش ئێستە لەو جێگەیەی ئێستەی ئەوان پیشەی نەجاڕییان کردووە، لە سەرەتای نۆسەتەکانیش، باپیری شەنەی داری دروست دەکرد، هەروەها جەنجەڕیشیان دروست دەکرد، چونکە جەنجەڕ لە جیاتیی دەڕاسە لە کاتی تەواوبوونی دروێنە و کۆکردنەوەی گەنم و جۆ لە شوێنێک، کە پێیان دەگوت جۆخین بەکار دەهات.

جەنجەڕە گەورەکان (٥٢) باڵتەی لەبن بوو، ئەو باڵتەیە وەکو چەقۆ بوو دانەوێڵەکە و قەسەرەکەی لەیەک جودا دەکردەوە، لەسەر جۆخینی بە (کەر و هێستر) ڕادەکێشرا، ئەو جەنجەڕە بە دینارێک و ڕوبعێک دروست دەکرا، خانووێک لەو هەولێرە ئەو کات بە (١٠) دینار بوو.

ڕەمزی نەجاڕ باس لە دروستکردنی (هەوجاڕ)یش دەکات، کە گاسنیان پێوە دەکرد، ئەو گاسنانە لەلای ئاسنگەر دروست دەکران، ئەوێ ڕۆژێش ئاسنگەرەکانی هەولێرێ مام تەها و حاجی سەید سەعید بوون، ئەوانە گاسنیان لە پارچە ئاسنی دروست دەکردەوە، بەڵام ئەو کات (جەنجەڕ) لە بازاڕی نەجاڕان لە هەمووی بە هەڕمێنتر بوو، لە جیاتیی دەڕاسە کاری جووتیارانی دەکرد، هەوجاڕیش، چونکە زەویی دەکێڵا، وڵاخێک ڕایدەکێشا و کەسێکی بەتاقەتیش گاسنەکەی دادەگرت، تا زیاتر لە زەوییەکە بچێتە خوارێ بۆ کاری (تۆو)دان، بێجگە لەمەش نەجاڕی دیکە لە ناو قەیسەری هەبوون، لەوانەش ماڵی مام یاسین و حاجی ڕەشاد.

زۆربەی نەجاڕەکانی هەولێر ئامۆزای یەکتری بوون، هەموویان ماڵیان لە قەڵات بووە و باپیرە گەورەیان حاجی عومەر بوو کە لە (١٨٤٠) چووەتە ناو بازاڕی قەیسەری و دەستی بەپیشەی نەجاڕی کردووە، پێش ئەویش حاجی سەعید لە سەرەتای هەشتسەدەکان پیشەی نەجاڕیی کردووە.

وەستا ڕەمزی لە زاری باوکی دەگێڕێتەوە کە جاران قەیسەریی هەولێرێ هەموو خەڵکێکی تێدا بوو، لە کوردی موسوڵمان، جوو و کریستیان، بەڵام ئەوان ئیشی نەجاڕییان نەکردییە، جووەکان زیاتر زێڕینگری و جۆلایی و خمچیەتی و کوتاڵفرۆشییان دەکرد، پەیوەندیشیان زۆر باش بووە و هەموو لایەک ڕێزیان لە یەکدی گرتییە.

هەروەها بۆ پەیداکردنی داریش، ڕوویان لە چیا کردووە، دار ئەسپیندار و دار بەڕوو بۆ دەسکە چەکووچ و داری (بی)یان دەهێنا بۆ لانک، داری چناریان دەهێنا بۆ دەسکە خاکەناز، بەڵام زۆرتر ئەسپینداریان بەکار دەهێنا، ئەو کاتیش مەکینە نەبوو، بە تەور و مشار داریان دەبڕییەوە، یەکەمین مەکینەی داربڕینیش لە ئاخیری ساڵانی چلەکان لەلایەن ڕەشاد نەجاڕی ئامۆزای وەستا ڕەمزییەوە هێنرایە هەولێر و لەبەر دەرگەی قەیسەری داینا.

هەروەها تاک و تەرا لە تەیراوە، خانەقا و عارەبان کەنتۆر دروست دەکرا، بەڵام پێشی کەنتۆر، ماڵی حاجی شەمسەدینی بابی حاجی عورفان سندوقیان بەنەینۆکی ڕەنگاوڕەنگ دروست دەکرد.

ئەو دوکانەی ئێستە ڕەمزی نەجاڕی لێیە، شوێنێکی زۆر کۆنە، نزیکەی (١٢٠) ساڵە لەو دوکانەن، لە باب و باپیریەوە تا ئەمڕۆ بۆی ماوەتەوە. دوکانەکە و زۆربەی دوکانەکانی دیکەی ناو قەیسەری موڵکی (چەلەبی) یەکانن، کرێی ئەم دوکانە لە شەستەکان دوو دینار بوو، ئەوکاتیش دەسکەوتی ڕۆژانەیان روبعێک تا نیو دینار بووە.

تا ئێستە نەوەکانی کەسە یەکەمەکانی نەجاڕان، دەستیان بە پیشەکەوە گرتووە، وەستا ڕەمزی دەڵێ بە درێژاییی ئەم هەموو ساڵە، نیوڕانان ژەمی نانخواردنیان لە ماڵەوە بۆ دەهات، شاگردیان هەبوو دەیانناردنە ماڵەوە لە قەڵاتێ لەناو مەنجەڵی چینکۆ خواردن دەهات، بەدەگمەن ئەهلی بازاڕ لە دەرێ نانیان دەخوارد. ●



# گەڕانەوە بۆ فافۆن

له كاتێكدا پێشكەوتنی پیشەسازی وای كردووە چەندین جۆری كانزای نوێ بۆ دروستكردنی قاپ و مەنجەڵ و كەرەستەی خواردن پەیدابێت، هێشتا ئەو كەرەستانەی لە فافۆن دروست كراون، خواستیان لەسەر ماوە، تەنانەت بەشێكی خەڵك بۆ بەكارهێنانی و بەشێكیش وەك یادەوەری و نۆستالژیا بۆیان دەگەڕێنەوە.

**گڵکەند**

قاپ و کەرەسەتە فافۆنییەکان بەشێکن لە مێژووی بەکارهێنان لە هەولێر و ناوچەکە، هەندێک کەس پێیانوایە بەدەر لە پاشخانە مێژووییەکەی، لە ڕووی تەندروستیشەوە باشترە بۆ تێدا خواردن و خواردنەوە، سەرباری ئەوەی چێژیشی زیاترە.

پێشتر لە نزیک پردی سەیداوە لە بازاڕی شێخەڵڵاوە تا نزیک باغی شار، تژی ئەو دوکانانەی کەلوپەل و کەرەستەی لە فافۆن دروستکراو بوون کە خەڵک وەک بازاڕێکی سەرەکی ڕوویان تێ دەکرد، بەڵام ئێستا جگە لەوەی ژمارەیان کەم بووەتەوە، زیاتریش بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ فرۆشتنی ئەو کەرەستانە وەک ئەنتیک تا وەک پێداویستی.

هێشتا قۆری بەدارەوە و مەنجەڵ لەنێو یەکتری و دەنگی قاپ و کەوچکی فافۆن دیمەن و دەنگی نەبراوەیە لەم بازاڕەدا، محەمەد عەزیز (تەمەن ٥٠ ساڵ) نزیکەی سی ساڵە لەم بازاڕە دوکانی فرۆشتنی کەلوپەلی فافۆنی هەیە، دەڵێ ئەگەرچی چەندین جۆر کانزا و کەرەستەی جیاواز پەیدا بوون، کەلوپەلیان لێ دروست دەکرێت وەکو تیڤاڵ و ستیل، بەڵام خواست لەسەر کەلوپەلی فافۆن هەر ماوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە فافۆن لە ڕووی تەندروستییەوە باشترە و هەروەها بۆ هەڵگرتنی خواردن لەناو سەلاجە زۆر باشە، چونکە ساردی وەردەگرێت، بۆ گەرمکردنەوەی خواردنیش باشە و زوو گەرمی دەگەیەنێت.

ئەو بەدەم وەڵامدانەوەی کڕیارەکانی فافۆن، بۆ بڵاوکراوەی (گڵکەند) باس لە سەرچاوەی ماددەی خامی فافۆن دەکات و دەڵێ «ماددەی خاوی فافۆن لە چینەوە دێت، لە بەغدا و موسڕێ تەشت و مەنجەر و قاپ و ئەو شتانەی لێ دروست دەکرێ، لە هەولێرێش یەک مەعمەل هەیە کە ئەو شتانە لە فافۆنی دروست دەکات، خەرک ئێستا گەڕایتەوە سەر فافۆنی، زۆر دەیکڕن، هەتا مەنجەرەکی تیڤاڵ دەفرۆشم، دە مەنجەری فافۆن دەفرۆشم، قۆریە و قاپ و مراکی فافۆنیش خەرک زۆر داوا دەکاتن".

هەروەها ئاماژەش بەوە دەکات کە دەتوانن قەبارە و دیزانی جیاواز بەپێی خواستی کڕیارەکانیان دروست بکەن، بەتایبەت بۆ چێشتخانەکان و یاخود ئەو کەسانەی کە خواردن بۆ بۆنەکان لێ دەنێن.

ئەو کەسانەی تەمەنیان لە سی ساڵ و بەسەرەوەیە هێشتا بەکارهێنانی کەلوپەلی فافۆن بۆ خواردن و خواردنەوە وەکو یادگارییەکی جاران دەزانن، بەشێکیشیان ئەگەر بەکاریشی نەهێنن، بەڵام دڵیان لەلایەتی و کە بەرچاویان دەکەوێت ڕۆژگاری منداڵی و هەرزەکارییان بیر دەکەوێتەوە.

ئەو فرۆشیارە باس لەو جۆرە مەنجەڵانەش دەکات کە بەناوی تیڤاڵ دەفرۆشێن، دەڵێ ئەو مەنجەڵانە زۆربەیان فافۆنن، بەڵام بۆیاغێکیان لێ دەدەن ناوی دەنێن تیڤاڵ، ئەوە زۆر خراپە، چونکە پاش دوو سێ ساڵ لەگەڵ گەرمکردنی بۆیاغەکەی پێوە نامێنێ دوور نییە کاریگەری لە شیوەکەش بکات.

لەبارەی ماوەی بەرگەگرتنی فافۆن و تەمەنی، محەمەد عەزیز ئەوە ناشارێتەوە ئەگەر ڕێژەی فافۆن لە دروستکردنی کەرەستەکان زیاتر بەکارهاتبێت ئەوە پتەوتری دەکات و تەمەنی درێژتر دەبێت و نزیکەی چل ساڵ دەتوانێت بەرگە بگرێت، بە گەرمبوون و بەربوونەوەش خوار نابێت و خواردنیش بە بنیەوە نانووسێت.


ئەوەش دەخاتەڕوو کە مامەڵەکردن واتە کڕین و فرۆشتنی کەرەستەی فافۆن وەک هەر کانزایەکی تر بە کێشە، کیلۆی بە ٧ هەزار دینار دەکڕن و بە ١٠ هەزار دەیفرۆشنەوە، ئاماژە بە دووبارە بەکارهێنانەوەشی دەکات و دەڵێت، کیلۆی فافۆنی کەونە بە بە ١٧٥٠ دیناریيە، خڕ دەکرێتەوە و دەبردرێتەوە کارگە و شتی دیکەی لێ دروست دەکەن.



وێنە: هەژار مەجید

---

## مێژووی هونەر لە هەولێر



ئوسامە جەمیل

# شانۆی شێستەکان

ساری ١٩٥٩ شانۆگەریی (کاوەی ئاسنگەر) و (راس شلیلة) و (چاردەی تەمووز) پێشکێش کرابوو، کە بەرهەمی قوتابیانی هەولێر و نەقابەی کرێکارانی بروسکە و پۆستەی بوو، پاشەوەی شانۆگەریی (کاترینی هۆلیهان) پێشکێش کرابوو، ئەوجە شانۆگەریی (ژیانی قوتابی لە کۆندا) لەلایەن قوتابیانی سانەوی پێشکێش کرابوو، ساری ١٩٦٠یش شانۆگەریی (مدیر بەگ) لەلایەن کۆمەرە کیژەکی پێشکێش کرابوو، پاشەوی شانۆگەریی (في سبيل الوطن) و (عزه و لا نستسلم) پێشکێش کرابوو، کە سەفوەت جەڕاح دەریهینابوون و بە زمانی عارەبی پێشکێش کرابوون، فوئاد ئەحمەدی گۆرانیبێژ بەشداریی کردبوو، هەروەها شانۆگەریی (تامر بیک) پێشکێش کرابوو، کەمال محەمەد ئەمین دەریهینابوو، ئەوجە شانۆگەریی (نعيش) پێشکێش کرابوو، سەعدون ئەلعوبەیدی نووسیبووی و سەفوەت جەڕاحیش دەریهینابوو.

پاشی هەنگی لەبەر وەزعی سیاسیی کوردستان و عێراق، چالاکیی شانۆیی لە شاری هەولێرێ ڕاوەستایە، بەتایبەتی پاش تێکچوونی پەیوەندیی بەینی سەرکردایەتیی کورد و حکوومەتی عێراقی، چونکە عەبدولکەریم قاسم لەو هەرێیانەی بە کوردی دابوو پژیوان ببۆوە، کە بووە هۆی هەرگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول و تێکچوونی بارودۆخی سیاسی، کۆمەرایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیریی عێراق و کوردستان، بەران لە ساری ١٩٦٧ چالاکیی شانۆیی دەست پێ دەکاتەوە و شانۆگەریی (تاوان) پێشکێش کرایە، کە لە نووسینی عوسمان شارباژێڕی و دەرهینانی هوشیاری سەید ئەحمەدی بووە، ساری ١٩٦٨ شانۆگەریی (تاقیکردنەوەیەک) پێشکێش کرایە، دەقەکە ئی نووسەرەکی ئەرمەنی بووە و سەفوەت جەڕاح دەریهینابوو، ئەو بەرهەمە ئی قوتابیانی خانەی مامەستایانی هەولێرێ بووە و هونەرمەند مەحموود ئەحمەد بێوەی بەشداریی کردبوو، هەر لە خانەی مامەستایان شانۆگەریی (قسەی خەرک) پێشکێش کرابوو، کە لە نووسینی حەمید محەمەد جەواد بووە و سەفوەت جەڕاحیش دەریهینابوو، ئەو دوو شانۆگەرییە بە زمانی عارەبی پێشکێش کرابوون، پاشەوی شانۆگەریی (هەقایەتی کۆن) پێشکێش کرابوو، لە نووسینی مەعاز یوسف بووە، لە ساری ١٩٦٩ شانۆگەریی (لەناوبردنی نەخیندەواری) لەسەر شانۆی هۆری شارەوانی پێشکێش کرایە و حەمەکەریم هەورامی نووسیبووی، ئەو دوو شانۆگەرییە سەباح عەبدولڕەحمان دەریهینابوو، هەر لەو سارەی شانۆگەریی (زۆرانبازی نێوان بیری کەون و نوێ) پێشکێش کرابوو، کە عوسمان شارباژێڕی نووسیبووی، ئاخیر شانۆگەرییش لەو سارەی پێشکێش کرابی شانۆگەریی (چارەڕەش) بووە و سەباح عەبدولڕەحمان دەریهینابوو.

# تووڕەبوونی دوو پەرلەمانتارە هەولێرییەکە لە بەغدا



دیمەنێکی کۆبوونەوەی یەکەم پەرلەمانی عێراق لە ساڵی ١٩٢٥

**مەریوان مەسعود**

دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و بەزۆر لکاندنی باشووری کوردستان بەو وڵاتەوە، کە دەکاتە سەردەمی مەلەکی، هەر لە یەکەم خولی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (پەرلەمان)ەوە، لە ساڵی ١٩٢٥، گرفتی پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردی لە شارەکانی کوردستان یەکێک بوو لە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بەکورد و پەرلەمانتارە کوردەکان کاریان بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە شارەکانی کوردستان کردووە.

لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، شارەکانی کوردستان جیاوازییان پێ کراوە و پشتگوێ خراون بە بەراورد بە شارەکانی عێراق، بۆ نموونە لە تەرخانکردنی بودجەی گشتیی (لیواکان- پارێزگەکان) کە داهاتی لیواکە خۆیەتی، ڕێژەی تەرخانکراو بۆ بواری خوێندن و پەروەردە بەم شێوەیە بووە: سلێمانی ١٪، هەولێر ٥ ,٢٪، لە کاتێکدا بۆ لیوای بەغدا ٣٨٪ و کەربەلا ١٨٪.

ئەم پشتگوێخستنە ساڵ دوای ساڵ زیاتر بووە، تا وای لێ هاتووە لە ١٩٣٠ ڕەوشی پەروەردە و خوێندن لە کوردستان وێران بوو، لە هەموو شارەکانی کوردستان تەنها (٤١) قوتابخانە هەبوو.

لەو سەردەمەدا پەرلەمانتارانی کورد لە یەکەم خولی پەرلەماندا ساڵی ١٩٢٥ هاتوونەتە دەنگ، لەوانەش هەردوو پەرلەمانتاری شاری هەولێر ئیبراهیم یوسف و ئیسماعیل بەگی ڕواندزی، کە دوو کەسایەتیی بێ وێنە بوون لە داواکردنی مافەکانی خەڵکی هەولێر و پشتگیری و پشتیوانیکردنیان لە گەشەپێدانی بواری خوێندن.

## لیوای هەولێر و کێشە گەورەکە

ئیبراهیم یوسف لە بەدواداچوونێکدا و پاشان لە داواکارییەکدا کە بۆ وەزارەتی مەعاریفی عێراقی بەرز کردووەتەوە و لە دانیشتنی ٢٥ی شوباتی ١٩٢٦ی ئەنجوومەنی نوێنەران خوێندوویەتییەوە، دەڵێ "داواکارم قوتابخانەیەکی تایبەت بە کچان لە هەولێر بکرێتەوە، چونکە بەپێی ستانداری وەزارەتەکەتان، هەموو لیوایەکی عێراق دەبێت ١٩ قوتابخانەی تێدا بێت، بەپێی دوا ئامارتان (٢٦٣) قوتابخانە لە عێراق هەن، واتە لیوای هەولێریش وەک لیواکانی دیکە، ١٩ قوتابخانەی بەردەکەوێت، ئێستە هەموو لیوای هەولێر بە قەزا و ناحیەکانییەوە تەنها ٦ قوتابخانەی هەیە، بەکەموکورتییەکی زۆرەوە.

لەو سەردەمەدا یەکێک لە ناسراوترین پەرلەمانتارانی عێراق ناوی مزاحم پاچەچی بووە، نوێنەری لیوای حیللە بوو، پشتگیریی داواکەی نوێنەرانی هەولێری کرد، هەروەها نوێنەری لیوای مووسڵ بە ناوی سابت عەبدولنور و نوێنەری بەغدا بەناوی ئەحمەد ئەلداود و نوێنەری دیوانییە بەناوی ڕەشید ئەلخەتابیش پشتگیرییان لە داواکە کردبوو، بۆیە ڕەوانەی حکوومەتی عێراق کرا.

لە هەمان کاتدا نوێنەرێکی تری لیوای هەولێر بەناوی ئیسماعیل بەگی ڕواندزی داوایەکی ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد بۆ ئەوەی قوتابخانەیەکی ناوەندی لە هەولێر بکەنەوە، هەرچەندە داواکە پشتگیریی زۆر پەرلەمانتاری هەبووە، بەڵام کاتێک ئاراستەی حکوومەت کرا، وەڵامی بەڕێوەبەری مەعاریفی گشتی کە ناوی ساتع ئەلحەسری بوو و دواتر بووە وەزیر، بەدڵی هەولێرییەکان نەبوو، چونکە ڕای گەیاند، ئاستی خوێندن لە لیوای هەولێر نەگەیشتووەتە ئەوەی کە قوتابخانەی ناوەندیی بۆ بکرێتەوە، چونکە قوتابی پێویستی نییە و تەنها (٨) قوتابیی هەیە، ئەمەش لە ستانداردی وەزارەتی مەعاریف کەمترە.

هەرچەندە ئیسماعیل بەگی ڕواندزی ڕەتی کردەوە ئەو ژمارەیە ڕاست بێت و گوتبووی تەنها لەناو شاری هەولێر قوتابخانەیەک و لە شارۆچکەی کۆیەش قوتابخانەیەک هەیە، بەهەردوو قوتابخانەکە ١٧ دەرچوویان هەیە و قوتابیی ناوەندین، بەڵام بەشێکیان بەهۆی هەژارییەوە



ئیبراهیم یوسف ئەربیلی

وازیان هێناوە و توانای ئەوەیان نییە بۆ خوێندن بچنە لیواکانی تر، بەڵام ئەگەر لە لیوای هەولێر قوتابخانەی ناوەندی هەبێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە ١٧ قوتابییەکە ئامادەن بخوێنن.

ئیسماعیل بەگی ڕواندزیی پەرلەمانتار، نەک تەنیا بۆ مەرکەزی شاری هەولێر داوای کردنەوەی قوتابخانەی کردبوو، بەڵکو لە داوایەکی دیکەشدا، داوای کردنەوەی قوتابخانەیەکی سەرەتاییی بۆ شارۆچکەی (ڕواندز)ی زێدی خۆی دەکات و لە داواکەیدا، وەسفێکی ئێجگار مەزنی شاری ڕواندز دەکات لە ڕووی مێژوو و ڕووناکبیری و سیاسی و سەروەرییەکانی، کە یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان و چەند خانەوادەی خوێندەوار و ڕووناکبیری هەیە، بۆیە کردنەوەی قوتابخانەیەکی سەرەتاییی لەو شارۆچکەیە بەپێویست زانیوە و بە ڕەسمی داوای کردووە.

تەنانەت لە دانیشتنی (٢٣)ی خولی یەکەمی پەرلەمانی عێراق لە ٢ی ئاداری ١٩٢٦، ئیسماعیل ڕواندزی بەپاڵپشتی چەند پەرلەمانتارێکی دیکەی کورد و عەرەب، وەزیری مەعاریفی ئەو کات ناچار دەکات ڕاستەوخۆ بڕیاری تەرخانکردنی بودجەیەک بدەن بۆ بواری خوێندن و پەروەردە لە دەڤەری ڕواندز.

بەڵام لەبەرئەوەی وەزیری مەعاریفی ئەوکاتی عێراق ساتع ئەلحسەری زۆر دژی نەتەوەی کورد بووە، تەنها چەند بڕیارێکی جێبەجێ کرد و خۆی لەوانەی تر دزییەوە، پێگەی ئەم وەزیرەش لە هەموو وەزیرەکانی تر بەهێزتر بووە، چونکە نزیک بووە لە شا فەیسەڵ شای عێراق.



ئیسماعیل بەگی ڕواندزی

## ڕاپۆرتە ترسناکەکە لەسەر هەولێر

بابەتی بواری خوێندن و پەروەردە لە بیستەکاندا زۆر گەرم بووە، لە زۆربەی دانیشتنەکانی پەرلەمان تەوەری سەرەکیی دانیشتنەکان بووە، لە دانیشتنی ١٦ی ئایاری ١٩٢٧، پەرلەمانتاری کەرکووک نەشئەت ئیبراهیم ڕاپۆرتێکی ترسناک لەسەر ڕەوشی خوێندن لە لیوای هەولێر پێشکێش دەکات کە هەموو پەرلەمانتاران شۆک دەبن، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "لە لیوای هەولێر ساڵانە ٣٠-٤٠ قوتابی لە سەرەتایی دەردەچن بۆ ناوەندی، بەڵام لەمساڵدا لە کۆی ئەو ٣٠ قوتابخانەیەی لە هەولێر هەن، ٨٠٠ قوتابی بەشداریی تاقیکردنەوەکانی کۆتاییی ساڵیان کرد بۆ ئەوەی دەربچن بۆ ناوەندی، بەڵام لەبەرئەوەی وەزارەتی مەعاریف بودجەی پێویستی بۆ لیوای هەولێر تەرخان نەکردووە و کەموکوڕیی زۆر هەیە و قوتابخانەی ناوەندی کەمە، بە فەرمانی وەزارەتی مەعاریف تەنیا ٢٠٠ قوتابی دەرچوێنراون بۆ قۆناغی ناوەندی، ئەمەش ناهەقییەکە دەرهەق بە قوتابیانی هەولێر کە لە کۆی ٨٠٠ قوتابی، ٦٠٠ قوتابی لە خوێندنی ناوەندی بێبەش کراون".

ئەم پەرلەمانتارەی کەرکووک، ڕاشکاوانە قسەی کردووە و گوتوویەتی وەزارەتی مەعاریف دەڵێ هەولێر ژمارەی قوتابیی سەرەتاییی کەمە بۆیە ناوەندی ناکەنەوە، ئەدی ئێستە دەڵێن چی کە ٨٠٠ قوتابی هەن و قوتابخانەی ناوەندییان نییە.

هەر لەو دانیشتنەدا پەرلەمانتاری هەولێر ئیبراهیم یوسف بەتووڕەییەوە لەسەر سەکۆی هۆڵی پەرلەمان گوتبووی "بەداخەوە لیوا کوردنشینەکان هیچ پۆلێکی ناوەندییان تێدا نییە، ئەوە چەند ساڵێکە وەزارەتی مەعاریف بەڵێن دەدات و نایباتە سەر، لە کاتێکدا پێشتر بەڵێنی کردنەوەی پۆلی ناوەندی و قوتابخانەی تایبەت بە کچانی داوە، کەچی هیچی جێبەجێ نەکردووە، چونکە ناکرێت لە لیوایەکی وەکو هەولێر تەنیا ٧ قوتابخانە هەبێت، لە کاتێکدا لە لیوای تر ٧٠-٨٠ قوتابخانە هەن، ئەمەش ناعەدالەتییەکی ڕوونە"

لە دوای ئیبراهیم یوسف، جارێکی تر ئیسماعیل ڕواندزی پەرلەمانتارە بوێرەکەی هەولێر، بەتوندی وەڵامی وەزیری مەعاریفی داوەتەوە و هەموو ئەو پاساوانەی ڕەت کردووەتەوە کە گوایە بودجەی پێویست نییە بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی و قوتابخانەی کچان لە هەولێر.

بەم شێوەیە تا تەواوبوونی ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق کە یەکەم خول بوو، کێشەی خوێندن و پەروەردە لە شارەکانی کوردستان هەر بەردەوام بوو. ●

# یەکەم ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر لە 1886

**گڵکەند**

بەری ١٣٩ ساڵ، کە حوکمڕانی عوسمانی هێواش هێواش بەرەو لاوازبوون دەچوو، شار و شارۆچکەکان دابەش دەبوونە سەر کۆمەڵێک گەڕەکی نیشتەجێبوون، بەپێی ڕێکخستنە ئیدارییەکان هەر گەڕەکێک یەکەیەکی ئیداریی بۆ دروست دەکرا و کەسێک دەبووە موختار و سەرپەرشتیی دەکرد، بەڵام لە هەولێر بەڕێوەبەرایەتییەک بۆ خزمەتگوزاریی شارەکە دامەزرا، بریتی بوو لە ئەنجوومەنێک لە کەسایەتییەکانی شار.


ساڵی ١٨٨٥ یەکەم بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی هەولێر دامەزرا، لە دوای ساڵێک یەکەم ئەنجوومەنی شارەوانیی هەولێر دروست بوو، ئەندامانی ئەنجوومەنیش ژمارەیان لە شەش کەس تا دوازدە کەس پێک دەهات.

لە پاڵ ئەندامانیدا، ژمارەیەک کارمەندی پسپۆڕی وەک ئەندازیاری شارەوانی، پزیشک، نووسەر و ئەمینی سندوق هەبوون، هەڵبژاردنیش هەر چوار ساڵ جارێک بوو، ئەندامەکان لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردران، تەنها سەرۆکی ئەنجوومەن نەبێت کە بە فەرمانی حکوومەت دادەمەزرا، دەبوایە یەکێک بێت لە کەسایەتییە دیارەکانی شار، مووچەکەشی لە داهاتی شارەوانییەوە دابین دەکرا.

ئەندامانی ئەنجوومەن دەبوایە خاوەنی سەروەت و سامان و موڵک و ماڵ بوونایە، هیچ مووچەیەکیشیان وەرنەدەگرت، هەر تەنها ئەندامی شەرەف بوون و هەردوو ساڵ جارێکیش نیوەیان دەگۆڕدران.

ئەنجوومەنی شارەوانی ئەرکەکانی زۆر بوون، لەوانە دروستکردنی خانوو و فراوانکردنی ڕێگەوبان و چاککردنەوەیان. دروستکردنی شۆستە و ئاوەڕۆ. کۆکردنەوەی داهاتی شارەوانی و خەرجکردنی بۆ سوودەکانی گشتی. سەرپەرشتیکردنی ئەو خانووانەی سەر بە شارەوانین. ئامادەباشی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ پاراستنی تەندروستیی گشتی لە شارەکەدا. دروستکردنی شوێنی حەوانەوە بۆ بێسەرپەرشتان و نەخۆشخانەکان، هەروەها دانانی باج لەسەر کرێی ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی لە سنووری شارەوانی کار دەکەن.

دیارە ئەم چالاکییانە لەو کات و سەردەمیدا، هەنگاوێکی گرینگ بوو بۆ چەسپاندنی یاسا و هەوڵدان بۆ بوونی هەولێر بە شارێکی دامەزراوەیی، کە بۆ ئەوێ ڕۆژێ پەیڕەوکردنی سیستەمێکی زیرەکانەی ئەم ئەنجوومەنە بووە، تا ببێتە بناغەیەک بۆ مێژووی دوارۆژی ئەم شارە، بە باوەڕی هەمووانیش هەڵبژاردنی ئەو کەسایەتییانە بۆ ئەو ئەنجوومەنە، ئەوپەڕی عەقڵیەتی دروست بووە، چونکە هەم لە ڕووی دەستنیشانکردنی کات و هەڵبژاردنەکانیان و هەم لە ڕاستگۆیی و دەستپاکییان، ئەوە سەلمێندراوە ئەو کەسانە جگە لە پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری هیچ ئامانجێکی دیکەیان نەبووە بۆ شاری هەولێر، هەر ئەوەش وای کردووە ئەنجوومەنی شارەوانی ساڵی دووجار لەگەڵ ئەنجوومەنی کارگێڕی کۆ ببێتەوە و کۆمەڵەی شارەوانی دروست بکەن، هەموو کار و چالاکییەکانیان لە ڕاپۆرتێکی ساڵانەی تێروتەسەل ئامادە بکەن و بیخەنە بەردەم (والی)، تا لە ئەنجوومەنی کارگێڕیی ویلایەت گفتوگۆی لەسەر بکرێ، ئەمەش بۆ دەستنیشانکردنی بودجە و ژمێریاریی گشتی و ئەو گۆڕانکارییانەی دێنە پێشەوە و گونجاندنی لەگەڵ ئەو پێشنیارانەی بۆ پێویستیی بەرژەوەندیی گشتین.










## زامداریات



ئیسماعیل بەرزنجی

## شەوی بنار شاخەکە

ئیسماعیل گەیلانیی ڕەحمەتی، لە زامدارناسیدا شارەزا بوو، دەیزانی کەی تووڕە دەبێت و کەنگیش دادەمرکێتەوە، کەیفی بە چ جۆرە مەقامێک دێت و لەگەڵ کامەشیان دڵی توند دەبێت، ڕۆژێک بەزامدار دەڵێ: ئەمشەو لە بناری شاخێک داوەتت دەکەم. زامداریش دەڵێ: ئەو خانەدانییە هەر لە خۆت دێت.

لەو ناوچەیەدا، گەیلانی کەسێکی ناسراو و خۆشەویست بوو، برادەرەکانی ڕادەسپێرێت ڕەشماڵێکی بۆ هەڵدەن، گەیلانی و برادەرانی پێش خۆرئاوابوون دەگەنە شوێنەکە، زامدار سەیری دوندی شاخەکە دەکات و دەڵێ: سڵاو خوایە جوانەکە!

دەچنە بن ڕەشماڵ و خەریکی تەرتیباتی خۆیان دەبن، گەیلانی دوو لە برادەرەکانی ڕادەسپێرێت، شەو بێنە لایان و خۆیان وەک گەریلا بناسێنن، بەیەکێکی دیکەش دەڵێت تۆیش خۆت بکە بەسەرکاری من لەو ناوچەیە.

زامدار، پێکەکەی بەرز دەکاتەوە و دەڵێ: دەمەوێت ئەمشەو گوێم لە ناڵین و فیغانی دەروونی شاخ بێت، ئەوەندە نابات، دوو چەکدار دێنە لایان، گەیلانی دەڵێ یاخوا بەخێر بێن، ئەوەش ئەدیبی گەورە مامۆستا زامدار، دوو کەسەکە بەزەردەخەنەوە وەرام دەدەنەوە، زامدار دەڵێ: یاخوا بەخێر بێن، کاک ئاپۆ چۆنە؟

گەریلا دەڵێ: بێژە هەڤاڵ ئاپۆ. زامدار وەرامی دەداتەوە: قورپوون، فێرە کوردیم دەکەی.

دوای چاخواردنەوەیەک، دوو چەکدارەکە ڕوخسەت وەردەگرن و دەڵێن کارمان زۆرە و دەڕۆین، گەیلانییش دەڵێ: ئێوە ئازادن، شەوێک بە تایبەت داوەتتان دەکەم. زامدار دەڵێ: کاکە ئەوانە پێیەکیان لێرەیە و یەکێکیان لە قەندیلە، چۆن دەمێننەوە؟

دوای ماوەیەک زامدار گەرم دەبێ و دەیەوێ مەقامێک بڵێ، لەپڕ چەکدارێکی دیکە پەیدا دەبێ، بەتووڕەییەوە دەڵێ: شێخ ئیسماعیل لەوشۆ زووتر نییە، ئەو سەرکارییە بە من ناکرێت، با لێک بینەوە. گەیلانی دەڵێ: کاکە خێرە؟ چ بووە؟ کابرا دەڵێ: من سەرکاری مەڕ و بزنان بم یان هی گۆلک و قاز و عەلەشیشان؟

قسەیەک لە گەیلانی و قسەیەک لە کابرا، ناگەنە یەکتر و کابرا تووڕە دەبێ و هەڕەشە دەکات و دەڕوات، گەیلانی دەڵێ: ئەوە تۆزێک سەرشێتە، دوعا بکە تەقەمان لێ نەکات. زامدار دەشڵەژێ و دەڵێ: کاکە من لەوە ناگەم، تۆ هونەرمەندی یان خەریکی مەڕ و بزن و عەلەشیش و قازی؟

لەپڕ دەنگی دەستڕێژ دێت، زامدار خۆی دەداتە پەنا، ئەو شەوە تا بەیانی خەو نەچووە چاوی، سبەینێ لە کاتی چێشت خواردن بە گەیلانی دەڵێ: ئەمە ئەوەڵ و ئاخیر جارە بێمە سەفرەی جەنابت. دینۆش وەرام دەداتەوە: ئەی نەتگوت حەز دەکەم گوێم لە ناڵین و فیغانی دەروونی شاخ بێت؟ ماوەیەک بوو، هەرکە گەیلانی پەیدا دەبوو، زامدار دەیگوت: کاکە مەڕ و بزن و عەلەشیشەکان چۆنن؟

# چوار قوتابخانە بەهۆی لافاوە گەورەکە چۆڵ کران

د. سنوور سەباح

بەپێی بەڵگەنامەیەکی مێژوویی سنووری پارێزگەی هەولێر، شەوی ١٩٧٧/١٢/١٣ لافاوێکی گەورە هەولێری گرتەوە، بەهۆیەوە چەندین هاووڵاتی لە چوار گەڕەک زیانیان بەرکەوت و هۆڵەکانی چوار قوتابخانە بۆ لەخۆگرتنیان ئامادە کران.

نووسراوێکی پارێزگەی هەولێر لە ڕۆژی ١٩٧٧/١٢/١٤ بە ئامێری بێتەل بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق نێردراوە بۆ ئاگەداربوون لەو ڕووداوەی شەوی پێشتر و بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە.

لافاوەکە بەهۆی بارانی بەخوڕ دروست بووە و زیانێکی زۆری ماددیی بەخانووی هاووڵاتیان لە گەڕەکەکانی کوران، ئیسکان، مستەوفی و بەلاشاوە گەیاندووە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی لێ نەکەوتووەتەوە.

لە نووسراوەکەدا هاتووە، پارێزگەی هەولێر داوای لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە کردووە چوار هۆڵ لە چوار قوتابخانەی سنووری ئەو گەڕەکانە بۆ لەخۆگرتنی خەڵکە زیان پێگەیشتووەکە، ئامادە بکەن.


جگە لە ئامادەکردنی هۆڵەکان، پارێزگەی هەولێر داوای کردووە دوو پاسەوان بۆ پاراستنی هۆڵەکان بەشێوەی بەردەوام دابین بکرێن و هاوکاریی خەڵکەکە بکەن بۆ گواستنەوەیان بۆ ناو هۆڵەکان بەکەلوپەل و خواردنەوە.


بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر لە وەڵامی نووسراوەکەدا ڕای گەیاندووە، چوار هۆڵیان ئامادە کردووە لە قوتابخانەی سەرەتاییی دڵسۆزی کوڕان لە گەڕەکی ئیسکان، قوتابخانەی سەرەتاییی ئازادیی کوڕان، قوتابخانەی ناوەندیی جمهوری و قوتابخانەی سەرەتاییی سەفینی کچان.


بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر لە نووسراوێکی دیکەدا، بە ئاماژەکردن بەنووسراوی پۆلیسی مەخموور ڕای گەیاندووە، لەگەڵ لافاوەکەی هەولێر، لافاو لە شارۆچکەی مەخموور و گوندەکانی سنوورەکە دروست بووە و زیانێکی ماددیی زۆری بە خەڵکەکە گەیاندووە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی لێ نەکەوتووەتەوە.

زیانەکانی لافاوەکەی سنووری مەخموور:

- بەشێک لە خانووەکانی مەخموور وێران بوون.
- ٣٥ خانوو لە گوندی تەلەمیرە (چەغەمیرە) لە سنووری ناحیەی کەندێناوە ڕووخاون.
- زیاتر لە ٣٠ خانوو لە گوندی گوجیلان (عاڵڵا گوجیلان) لە سنووری ناحیەی کەندێناوە ڕووخاون. ●









وێنە: ژیری دەستکرد



ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی

## تاق سووتا

هەولێر لە ساڵیادی یەکەمی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی (١٩٥٨) کە حوکمی پاشایەتیی ڕووخاند و کۆماریی ڕاگەیاند، شەقامەکانی ڕازاندرایەوە، دایرە و قوتابخانە و چایخانە و قاوەخانەکان پڕ کران لە وێنەی عەبدولکەریم قاسم و ئاڵای عێراق، چەند تاقێکیش بەسەر شەقامەکاندا دروست کران، کەرنەڤاڵێکی ڕازاوەی ئۆتۆمۆبێل بە هۆڕن لێدان و مۆسیقا بەشەقامی هەولێردا سووڕانەوە

لە ساڵیادەکانی دواتردا هەولێر ئەو جۆش و خرۆشەی جارانی بۆ یادەکە نەما، چونکە وردە وردە نێوانی زەعیم عەبدولکەریم قاسم و حکوومەتەکەی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو ئاڵۆزی دەچوو.

ساڵی (١٩٦١) بەرپرسانی شارەکە چەند ڕۆژێک پێش ١٤ی گەلاوێژ کەوتنە ڕازاندنەوەی شار و تاق بەسەر شەقامدا دروستکردن، وێنەی زەعیم لە زۆر شوێن دەبیندرا، شەوی سێزدە لەسەر چواردە کەماڵمان لە (گڵکەند) بوو، لە حەوشە دانیشتبووین، چاوەڕێی هاتنەوەی باوکم بووین، دەرکەمان گاڵە نەدابوو، هەر ئەوەندەمان زانی (سەید یاسین) بەهەشتاوی خۆی بە حەوشەدا کرد و ڕووی لە دایکم کرد، گۆتی "باجی ئەو دەمانچەیە بشارەوە"، بێ ئەوەی هیچ بڵێت بۆی دەرچوو، دایکم کراسی بە باغەری دەپۆشی، دەمانچەکەی شۆڕی نێو کراسەکەی کردەوە، هێندەی پێ نەچوو باوکم هاتەوە، دایکم مەسەلەکەی بۆ گێڕاوە، هەر بەقەدەراییی پێنج شەش خولەک لە دەرگە درا، دوو پۆلیس هاتنە حەوشە و گۆتیان کەس نەهاتووەتە ئەم ماڵە، باوکم گوتی من خاوەن ماڵم و کەس نەهاتییە، حەوشە و ژوورەکان جوان گەڕان و بۆی دەرچوون، هەر ئەو دەمان دەمانچەکەیان لە شوێنێکی باش تەقەت کردبوو، بێ ئەوەی هیچ شتێک لە مەسەلەی (سەید یاسین) بزانین.

بەیانی دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە چەند کەسێک تاقەکەی پێش ماڵی (خدر پاشا) کە دەکاتە پێش وەزارەتی شارەوانیی کۆن، ئاگر تێبەرداوە و سووتاندوویانە، پۆلیسیش کەوتووەتە دوایان و کەسیشیان لێ دەستگیر نەکراوە، ئەوسا ئێمەش لە مەسەلەی (سەید یاسین) تێگەیشتین و دوای شەش مانگان بەدوای دەمانچەکەدا هاتەوە. ●

# حەکایەتی ناوی هەندێ لە شارۆچکە و گوندەکان

"خەڵک بایەخی زۆر بەسەرەتاکان دەدەن، ساتەکانی هاتنەبوون و دەرکەوتن، کێ مێژووی هاتنە دنیای خۆی یان خۆشەویستترین کەسی لە بیر دەچێت؟ کێ مێژووی دەستپێکردنی یەکەم کاری خۆی لە بیر دەچێت، تەنانەت ئەگەر دوکانێکیش بێت؟ ئەی چۆن دەتوانرێ مێژووی هاتنە بوونی گوند یان شارێك لە بیر بکرێ؟"

ئەحمەد مەعاز

ئەم بەڵگەنامەیەی لێرە دەخرێتە ڕوو، بۆ گەشتێکمان دەبات کە بە قووڵاییی پێنج سەدە لە مێژوودا درێژ دەبێتەوە، تا ببینە شایەتحاڵی هاتنە دنیای هەندێک کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون کە لە پزدانی هەولێری دایک؛ ترازاون و هاتوونەتە بوون.

ئەم بەڵگەنامەیە لە کۆنترین ئەو بەڵگەنامە عوسمانییانەیە کە ناوی هەولێری تێدا هاتووە، ژمارەی بەڵگەنامەکە بریتییە لە MAD.d.17670.00220، چەند ساڵێکی کەم دوای ئەوەی ناوچەکە کەوتووەتە ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی و بە دروستیش لە ڕێکەوتی: ٢٩/ ١٢/ ٩٩٦ی کۆچی، بەرامبەر بە ١٩/ ١١/ ١٥٨٨ی زاینیدا تۆمار کراوە.


لە بنچینەدا بەڵگەنامەکە تێنووسێکی گەورەی تایبەتە بەشاری هەولێر و شارەزوور و کەرکووک، بەشێوەی تۆمارێک کە بڕیارەکانی بەخشینی پارچە زەویی بەتاڵی کشتوکاڵی، یان گوندە چۆڵکراوەکانی بەهەندێک لە موتەسەڕیفەکانی ئەو سەردەمەی تێدا تۆمار کراوە، لە پاڵ مەرج و بڕیارە تایبەت و پەیوەندیدارەکان.

پشکی ناوچەکانی سەر بەهەولێر لەم تێنووسەدا (١٠) لاپەڕەی گەورەیە. ئامانجیش زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی ئەو زەوییانە بووە، لە ڕێگەی داچاندنیان یان بەخێوکردنی مەڕومالآت تیایاندا، سەرباری پرسە پەیوەندیدارەکانی دیکەی وەک دەستەبەری نیشتەجێکردنی جووتیار و شوانکاران، تا بە خاووخێزانەوە لەوێ بژین، لە پاڵ هەر کارێکی پێویستی دیکە لە بیناسازی بۆ نیشتەجێکردنی ئەو خانەوادانە و دابینکردنی تەویلە بۆ مەڕوماڵاتەکان. دەتوانین ئەو ڕێککەوتە بە مێژووی دامەزراندنی یەکەم کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لەو ناوچەیەدا هەژمار بکەین، چونکە بەپێی بەڵگەنامەکە، لە پێش ئەوەدا چۆڵ و وێرانە بوون.

بۆی هەیە ناوی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لە بەڵگەنامەکەدا هاتوون، لە هەولێر نزیک بن یان دوور، بەڵام لە ڕووی کارگێڕییەوە هەر سەر بەهەولێر بوون، ڕەنگە ئەو ناوانە تا ئەمڕۆ وەک خۆیان مابنەوە، یان بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبێت. تەنانەت دەشێت هەندێک لەو شوێنانە ئەمڕۆ بەناوچەی دیکەوە لکێنرابن و ناوە ڕەسەنەکەیان ون بووبێت و بگرە ڕێی تێ دەچێت هەندێکیشیان لەناوچووبن. بۆیە وا باشە ناوەکانیان بەو شێوەیە بخەینە ڕوو کە ئەوسا لە بەڵگەنامەکەدا تۆمار کراون.

ئەو ناوانەی لە بەڵگەنامەکەدا هاتوون، ئەوە ناگەیەنن کە ناوی لۆکاڵیی ئەو شوێنانە بن، لەوانەیە ناوە فەرمییەکان لە ناونانی سەرزارەکیی خەڵکی شوێنەکە جیاواز بووبێت. تەنانەت شارێکی دێرینی وەک (ئەربیل)، کە خەڵکەکەی پێی دەڵێن (هەولێر)، کەچی هەرگیز ناوەکە بەو شێوەیە لە هیچ بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا نەهاتووە، بەڵکو سەرەڕای ئەوەی زۆریش دووبارە بووەتەوە، هەر بە (ئەربیل) هاتووە.

بۆی هەیە لەم بەڵگەنامەیەدا وردەکاری لەسەر بڕیاری پاشکۆیەتیی هەندێک کێڵگەی بچووکی دیکە بۆ کۆمەڵگەی گەورەتری ئەو سەردەمە بدۆزینەوە، ئەمەش دەروازەیەکی بەرفراوان بۆ توێژینەوەی ئەم بەڵگەنامەیە و هاوشێوەکانی، لە بەردەم پسپۆڕان ئاوەڵا دەکات، بۆ ئەوەی زۆر لایەنی مێژووی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ و کار و ڕێکخستنی کارگێڕی لە هەولێر و دەوروبەری لە ماوەی پێنج سەدەدا ئاشکرا بکەن.



لەو کۆمەڵگەیانەی کە بەڵگەنامەکە مێژووی هاتنە بوونیان دەسەلمێنێت:

ئاق/ئاک تاش، سۆرک کە کێڵگەی گەورەی پێوە پەیوەستە، گوندی شێخ شەروان، کێڵگەی گەویلان، کێڵگەی قوشیخە، کێڵگەی ئوچ کەلەک، قزل باش، گولان بیاغی، باش/ماس خەرابە، کێڵگەی حاجی مەلەک، بولاق، شەمعون ئاباد، گوندی دەگرمنجەک، گۆل تەپە، قەرەسو، دەوواسە، شەمسییە، قەمەریە، نەجمیە، کێڵگەی حاجی مەحموود، بەشیر، شێخ تاجەدین، قەرە یەناق، مەرحالە، کەهرلوو نزیک سورچی، خوای درەسی، بیری قەبو، قوتبەدین، پیرداود، پیر، یورتلو، یەکیجە/یەنیجە، کێڵگەی کوش/قوش تەپە، موسکان/هوسکان، خەرابە ڕەجەب.

لەو ناوانەی لە بەڵگەنامەکەدا هاتوون، لەوانەی مافی بەکارهێنانی زەوییەکانی ئەم ناوچانەیان پێ دراوە:

حەسەنی کوڕی ئەبوبەکر، سلێمان بەگ و براکەی محەمەد بەگی سوهرانی، فەرهاد پاشا، یەعقوب زادەڵڵا، بەهائەدینی کوڕی حوسەین، عەلی کوڕی شەهسوار، شێخی کوڕی حەسەن، قەنبەر و محەمەدی کوڕانی پیر ئەحمەد، محەمەدی کوڕی قولی، عەلیکی کوڕی حەسەن، عیزەدینی کوڕی شوکری و ئەبوبەکری کوڕی یوسفی کوڕی محەمەد.

ئەم بەڵگەنامەیە لەبەر کۆنی و ڕەسەنایەتییەکەی، سەرچاوەیەکە بۆ بەڵگەنامەی هاوشێوە کە چاوەڕوانی هەوڵی توێژەرانە بۆ شیکار و لێکۆڵینەوە و بەراورد لەگەڵ گێڕانەوە زارەکییەکان و تۆمار و سەرچاوەکانی دیکە، کە باس لە دیرۆکی سەرەتاکانی دروستبوونی ئەم کۆمەڵگەیانەی نیشتەجێبوون دەکەن، کەوا ڕەنگە ئەمڕۆ هەندێکیان بووبن بە شارۆچکە یان شاری بچووک. ●



وێنە: ژیری دەستکرد

# حوزنی دەگەڕێتەوە ڕواندز

بۆ درێژەدان بەو ڕێبازەی میقداد مەدحەت بەدرخان (1858-1915) لە ساڵی 1898 گرتییە بەر لە گەیاندنی دەنگی کورد، سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ کوردێك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرەو ئەڵمانیا بەڕێ کەوت، لەوێشەوە ئامێرێکی چاپی لە مارکەی Diamond بە 120 لیرەی تورکی کڕی و گەیاندییە حەلەب و پاشان لە ڕواندز دایمەزراند.



وێنە: سیروان مەحموود

**ئەو ماڵەی کە گۆتەنبێرگی کوردی تێدا ژیا و میللەتەکەی بەگەورەترین داهێنراوی مەعریفی لە مێژووی مرۆڤایەتی ئاشنا کرد، بە کەلاوەیی ماوەتەوە**

سیروان مەحموود

ئەو پیاوە حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٩٠-١٩٤٧) بوو، کوڕی سەید عەبدولەتیف کوڕی شێخ ئیسماعیل بوو، لە مەهاباد لەدایک بوو.

لە منداڵی خراوەتە بەر خوێندن، لە ١٩٠٣ بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەکە مەهابادی جێ هێشتووە و ڕووی کردووەتە مەراغە و تەورێز، لە ١٩٠٤ ماوەیەک لە یەریڤان ماوەتەوە، پاشان بۆ فێربوون و ئاشنابوون بە هونەرەکانی ئەو سەردەم چووەتە ڕووسیا، ئیستەنبۆڵ، پاشان بە سووریا، لوبنان، فەڵەستین، حیجاز، میسر، فەرەنسا و ئەڵمانیاشدا گەڕاوە، تا دواجار لە باشووری کوردستان گیرساوەتەوە.

گیرسانەوەیەک کە تەنیا کەسانێکی خودان هیڤی و خەون بتوانن بەرگەی بگرن، ئەگەر نا لەو ئان و سەردەمەی ئەو ژیاوە کەسانی دەستڕەنگین و ژیر و خوێندەوار، ڕۆژنامەنووس و مێژوونووس، ناچار نەبووینە بەرگەی بگرن و هەر زوو سەریان هەڵدەگرت و بۆ پەناگەیەکی ئارامتر بارگەیان تێک دەنا. بەڵام ئەویان ئامادە نەبوو میللەتەکەی جێ بهێڵێت تا دواجار لە ١٩٤٧ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و لە هەولێریش نێژرا.

وێڕای دەرکردنی گۆڤاری زاری کرمانجی ١٩٢٦ لە ڕواندز، گۆڤاری ڕووناکی ١٩٣٥ لە هەولێر، سەرپەرشتیکردنی گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە ١٩٤٣ لە بەغدا، حوزنی زیاتر لە ٢٠ کتێبی چاپکراوی لە دوای خۆی بۆ جێ هێشتووین، بۆ گەیشتنی بەرهەمەکانی بە خوێنەران، دەزگای ئاراس لە دوو بەرگی کتێبێکدا بەناونیشانی سەرجەم بەرهەمی حوسێن حوزنی چاپی کردوونەتەوە. هەرچەندە حوزنی کاریگەر بوو بە بەدرخانییەکان، بەڵام بە پەروەردە و کولتووری جیاواز

میقداد لە بنەماڵەی میرانی بۆتان و کاریگەر بەو جووڵانەوە نەتەوەییانەی کە بنەماڵەکەیان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بۆ ئازادیی میللەتی کورد سەرکردایەتییان دەکرد، لەلایەکی تر پەروەردەکراو لەنێو ئەو خوێندنگانەی کە عوسمانییەکان بە ئاراستەی هاوتاکردنی کۆمەڵگەی عوسمانی بە ڕۆژئاوا کردبوویانەوە نمای کردووە.

بە پێچەوانە حوزنی، لە خانەوادەیەکی ئاسایی کوردی مەهاباد لەدایک بووبوو. چەتونییەکەی دەرگەی بە ڕووی جیهانی دەرەوەی، شارەکەی، ناوچە و جیهانی بۆ کردبووەوە، کە هەر هەمووی بەسەریەکەوە بوون بەهەوێنی ئاشنابوونی بە دۆزی نەتەوەکەی و دواجار کۆکردنەوەی لە بۆتەی ڕۆژنامەگەریدا و دووبارە پەخشکردنەوەی بە گێتیدا.

بۆ بەختی حوزنی لە ١٩٢٣ سەید تەهای نەهری (١٨٩٣-١٩٣٩) دەکرێتە قائیمقامی ڕواندز، بۆیە بەپاڵپشتیی ناوبراو حوزنی لە ١٩٢٥ چاپخانەکەی دەگوازێتەوە ڕواندز و لەنێو ئەو خانووەی کە بۆ ژیان تەرخان کراوە دایدەمەزرێنێت، بەشێوەک ژووری چاپخانە و کار بەشێک دەبن لە ژوورەکانی پشوو و میوانداری، لە هەمان کاتدا باخچەیەک بۆ پشووی هاوینەی تەرخان کردبوو کە میوەکانی هەنار و توی تێدا چاندبوون و بەسەر گەلی خەرەنددا دەیڕوانی، هەر لەوێشەوە پرۆسەی گۆڕینی پیتەکانی لە ئەلفوبێی عەرەبی بۆ کوردی ئەنجام دا.



حوسێن حوزنی موکریانی

شارەزاییی حوزنی لە هونەری هەڵکۆڵین ئاسانکاریی بۆ کردبوو، کە پرۆسەی گۆڕینی پیتەکان ئەنجام بدات، پاشان ڕیزکردنیان و خستنیان بۆ سەر وەرەقە.

ئەو ڕۆڵەی حوزنی لە پرۆسەی دەرکردنی گۆڤاری زاری کرمانجی لە ڕواندز دەیگێڕا گۆتەنبێرگ تەنیا لە بواری چاپدا بینیبووی، بۆیە دەتوانین بڵێین حوزنی لە گۆتەنبێرگ دوورتر ڕۆیشتبوو، بۆ ئەم سەردەمە دەرکردنی گۆڤارێک بەقەبارەی زاری کرمانجی سەرەڕای پێشکەوتنی ئامرازەکانی ڕۆژنامەوانی چەندان کادیری پێویستە، کەچی حوزنی هەر هەمووی بەیەکەوە لەو ماڵەی سەر خەرەندی ڕواندز بەتەنیا ئەنجامی دەدا.

کارەکانی حوزنی بە درەوشاوەیی لەنێو کورد ماونەتەوە بەڵام پاراستن و کۆکردنەوەی لە شوێنێکدا پێویستی بەخەمخۆر هەبووە، بۆ ئەم مەبەستە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەنگاوی بۆ نا، ساڵی ٢٠١٠ لەسەر بودجەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبڕی (٣٥) هەزار دۆلار ئەو خانووەی بۆ یەکەمین جار حوزنی بنە و بارگەی لە ڕواندز لێ دانا، کڕییەوە، کاریش بۆ دووبارە نۆژەنکردنەوەی یان دروستکردنی باڵەخانەیەک کە هەموو بەرهەم و ئامێرەکانی چاپ و وێنەگرتنی حوسێن حوزنی تێدا هەڵبگیرێت، کرا.

لە ساڵی ٢٠١٣ بەردی بناغەی پرۆژەکە دانرا، بەڵام تا ئێستە ئەو ماڵەی کە گۆتەنبێرگی کوردی تێدا ژیا و میللەتەکەی بەگەورەترین داهێنراوی مەعریفی لە مێژووی مرۆڤایەتی ئاشنا کرد، بە کەلاوەیی ماوەتەوە.

ئەحمەد قادر قائیمقامی قەزای ڕواندز لەبارەی پلانیان بۆ نۆژەنکردنەوەی ماڵی حوسێن حوزنی بۆ (گڵکەند) گوتی «ئەو پرۆژەیە دەکەوێتە چوارچێوەی پلانی ستراتیژیی گەشتوگوزاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران. لەسەر داخوازیی خانەوادەی حوزنی بەدیزاینی نوێ کە ڕەسەنایەتی و کولتووری سەرەتاییی ماڵەکە بپارێزێت لەگەڵ دیزاینەران لە گفتوگۆدان، خانەوادەی حوزنیش بەڵێنیان داوە هەرچی پەیوەندی بەناوبراو هەیە لەو ماڵە بیپارێزن و پیشانی بدەن».

بەقسەی بەرپرسانی میریی سۆران بێت، دیزاینی ساڵی ٢٠١٣ی پرۆژەکە کاری لەسەر ناکرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی تر بنیات دەنرێتەوە، بەڵام ناشکرێت ئەوەش بەلاوە بنێین، کە حوزنی لە سۆران ناوێکی دیارە، ئەوە نییە لە پاڵ نۆژەنکردنەوەی ماڵەکەی، لە سۆران و ڕواندز پەیکەریان بۆ دروست کردووە، لەگەڵ بوونی دەزگایەکی ڕۆشنبیری و میدیاییش بەناوی دەزگای زاری کرمانجی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە لە سۆران لە کارکردن دایە، بۆیە ئەگەر حوزنی بۆ خۆشی لەگەڵمان نەبووبێت و ماڵەکەشی ئاوەدان نەکرابێتەوە، لە نێوماندا زیندووە. ●

# ئەو شارەی لە ئامێزی گرتم

**جەمالی دەلاک**

کاتێ لە زێدەکەت دوور دەکەویتەوە، لە هەر کوێ هەوارت هەڵبدەی، بیر و هۆشت دەتگەڕێننەوە بۆ یادەوەرییەکانی زێدی خۆت، ئەو جێیەی چاوت تێدا هەڵێناوە و گەشەت کردووە.

لە گەڕەکی حاجی حانی شاری سلێمانی چاوم هەڵێنا و لەگەڵ ڕۆژگاردا هەنگاوم هەڵگرت، هەوراز و نشێو و گەرمی و ساردیی زۆرم لە ژیاندا چەشت، ٤٣ ساڵم لەوێ بەڕێ کرد. بەهۆی کارکردنم لە بەڕێوەبەرایەتییەکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چارەنووس لە کۆتاییی (٢٠٠٦) بنە و بارگەی پێ پێچامەوە بۆ شەکرە شاری هەولێر، لە دیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان وەک فەرمانبەر دەستبەکار بووم.

سەرەتا لە هەولێری ئازیز هۆنراوەکەی وەلی دێوانە بووبووە وێردی سەرزارم، بێکەس و تەنیام بێ هاودەم ماوم، لە گێژیی دەریای خەما خنکاوم. بەڵام ئەو نائومێدییە لە ماوەیەکی کەمدا ڕەوییەوە، لە شوێنی کارکردنم کەسانێک هەبوون، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بوونە برا و خوشکی هەمیشەییم، نەک لە گێژاوی خەمدا، بەڵکو بەهەست و سۆز و خەسڵەتە جوانەکانیان، بەکار و کردەوە شیرینەکانیان منیان لە زەریای خۆشی و خۆشبەختیدا نوقم کرد.


ڕۆژ بەڕۆژ لە هەولێر دەرگەی زیاتر بە ڕوومدا دەکرایەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان فراوانتر و لێوڕێژتر بوون لە خۆشەویستی و ڕێز و لەئامێزگرتنی زیاتر، ماوەی ١٨ ساڵ و نیو لە شەکرە شارەکەی هەولێر توانیم بەوپەڕی بەختەوەری و ئاسوودەیی بژیم، ڕۆژ بەڕۆژ تێکەڵاوبوونم لەگەڵ هونەرمەندان، ڕۆشنبیران و شاعیران و ڕاگەیاندنکار و ڕۆژنامەنووس و کەسایەتی و خەڵکی ئاسایی زیاتر دەبوو، هەمووشی لوتف و موحیبەت و ڕێز و خۆشەویستیی ئەو ئازیزانە بوو منیان کەمەندکێشی ئەو ژیانە نوێیە دەکرد. لە ماوەی بەسەربردنی ژیانم لە هەولێری پایەتەخت، زۆر شتی جوان فێر بووم، خەڵکە ئازیزەکەی بەهەستی جوان و لێوانلێو لە فەرهەنگی خۆشەویستی و ڕێز و یەکتر قبووڵکردن منیان نوقمی ئەو خەسڵەتە بەرز و پڕ خۆشەویستییە کرد، لەو چەند ساڵەدا ژینگەیەکی لەبارم بۆ ڕەخسا کە زیاتر دەست بدەمە خامە و خزمەتی نەتەوەکەم بکەم.

هەولێر زێدی دووەممە و هەمیشە شانازی بەناو و نازناو و خەڵکەکەی دەکەم، ناتوانم هیچ کات ئەو لەئامێزگرتنەیان فەرامۆش بکەم، لەو چەند ساڵەدا زۆر جار لە کاتی کەوتنمدا، بەپەرۆشەوە دەستیان دەگرتم، هەمیشە قەرزاربارى ئەو هەموو خۆشەویستییەم و هیچ کات دەستی میهرەبانی و پڕ خۆشەویستیی ئەوان فەرامۆش ناکەم. ●



بەردەم چایخانەی مەچکۆ

## 300 لۆ هەولێر



شێرزاد هەینی

## پارکی شەهید سامی

ئێوارەیەکی هەینی، خۆڵ دەباری، کەشوهەواکەی گەرم و ناخۆش بوو، بۆ دڵکرانەوە و هەناسەیەکی پاک، بەپێیان بۆ پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان شۆڕ بوومەوە، دوو سەعاتێک لەوێ مامەوە.

ئەو پارکە زۆر گەورەیە، شارەوانییش خزمەتی باشی دەکات، شوێنەکەشی باش و نزیکە شارە.

دەروازە سەرەکییەکەی لەسەر شەقامی شێست مەتری و بەرانبەر پەرلەمانە، چەندان دەروازەی کراوەی تری بەردەوامی هەیە، لە ناوجەرگەی شاریشە.

بە چاوی نووسەر، بە هیوای ئەوەی بتوانم دیمەن، جووڵە، چالاکی، سفرەی خواردنی خەڵکەکە، ئاوەدانی، جوانیی پارکەکە، هەمەڕەنگیی تێدا بنووسمەوە، لەوێ مامەوە.

سەرەتا دان بەوە دادەنێم، پارکەکە کەسکە، سێبەری زۆرە، شوێنی دانیشتن، حەوانەوە، هاتوچۆ و ئارامیی تەواوە. هەموو بەشەکانی، چیمەنە بەرینەکانی ئاوەدانە، هاتوچۆی نەرم، لەسەرخۆیە، دەنگە بەسۆزەکەی ‹‹میکائیل››یش سەمای ناسک، لەرزینی جوانی بە دار و درەخت و گوڵاڵەکان دەکرد، لە هەمووش شانازتر؛ دڕندەییی ئۆتۆمۆبێلی و جەنجاڵیی هاتوچۆی لەناودا نییە.

دیمەن، دید، دیاردەی جوان زۆر دەبینیت، وەک نموونە ئەوە دەنووسمەوە؛ ژنێک تیشێرتێکی نارنجیی قۆڵ کورتی لەبەر دابوو، هەردوو دەستی گیرابوو، بەیەکێکیان کیژێکی پارچەڵەی ناسکی گرتبوو، دەستی دووەمیشی خستبووە دەستی هاوسەرەکەی، نازانم لە خۆشەویستی بوو، یان ماندوو بوو، دەیویست لەو پیادەڕۆیییەدا یارمەتیی بدات، پیاوەکە دوو بست لەو درێژتر بوو، دەڕۆیشتن، گەرم و نەرم قسەیان دەکرد!

لەو دەمانە کچی دووەمیان تەمەنی شەش حەفت ساڵ دەبوو، لەوان دابڕا، چوو بوتڵە ئاوە بەتاڵەکەی دەستی، لەناو تەنەکەی خۆڵەکە دانا و گەڕایەوە کن دایک و باوکی، لە دڵەوە پێم گوت؛ ئافەرین!

گەیشتمە کن کۆتەڵی شەهیدانی یەکی شوباتی ٢٠٠٤، لەوێ بەسۆز، لە دیار ناوی ٩٨ شەهیدەکە، کە ناویان بە کوردی و ئینگلیزی نووسراوە، وەستام، دروودم بۆ گیانیان نارد.

ئەوەی لەو کوتەڵە ناسکەدا زۆرم پێ جوان، نوێ، شایستە بوو، ناوی سییانی شەهیدەکان هەمووان بەپێی ‹‹ئەلفوبێ›› ڕێزبەند نووسراون. یەکەم شوێنە لە ناونووسین و باسکردنی بەرپرسەکان، یەکەم و لە پێشەوە نەبن!

پارکەکە شارێکی جوانە، هەموو جۆرە چالاکییەکی تێدایە، گچکە و گەورە، پیر و گەنج، زارۆک و مێرمنداڵ تێیدا ئاسوودەن، لە چەند شوێنێکیش کافتریا و کۆشک و ساردەمەنی دانراوە، چەندان پەیکەری کەسایەتیی کورد و جیهانیش مێژووی سەردەمێک دەگێڕنەوە. ●

خاوەن ئیمتیاز:
دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ

سەرنووسەر:
ڕێبەند سەعدوڵا

دیزاین:
ئاراس ئەکرەم

لۆگۆ و خۆشنووسی:
بژار ئەربیلی

دەستەی نووسەران:
نازم دڵبەند
هەژار مەجید

کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (18), Sunsday 15/6/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند

